وەزارەتی خوێدنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

هەرێمی کوردستان

زانكۆی سەڵاحەدین – هەولێر

كۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری

بەشی – ئابووری


# خواست و خستنەڕووی کەرتی نیشتەجێبوون
# لە هەرێمی کوردستان
# (توێژینەوەیەکی شیکارییە)

**پێشکەشە بە ئەنجوومەنی کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری زانکۆی سەڵاحەدین وەکو بەشێک لە پێداویستیەکان بەدەستهێنانی پلەی بە کالۆریۆس لە زانستی ئابووری**


## لەلایەن قوتابیان :

محمد رێدار رؤوف

نیڤین محی الدین حسێن

## بەسەرپەرشتی :

پ.ی. ادریس سلێمان عبدالله


مارس ٢٠٢٤

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي
فَإِنِّي قَرِيبٌ  أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ  فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي
لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾

سورة البقرة

## پێشکەشکردن

**پێشکەشە:**

**بە گیانی پاکی پێغەمبەرمان (د.خ)**

**دایك و باوکمان لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانمان**

**ڕاگرایەتی کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری**

**سەرۆکی بەشی ئابووری و سەرجەم مامۆستایانی بەشی ئابووری**

## سوپاس و پێزانین

*سوپاس ستایش بۆ خودای پەروەدیگار  کە ئێمەی هێناوەتە بوون

*زۆر سوپاسی دیك و باوکە خۆشەویستەکانمان دەکەین کە بەم شێوەیە هاندەرمان بووبگەینە ئەمرۆ

* زۆر سوپاسی مامۆستای سەر پەرشتیارمان (پ.ی .ئیدریس سلێمان عبداللە) کە ماندووبوونێکی زۆری بینی لەگەڵمان  لە سەرەتای توێژینەوە تاوەکو کۆتایی

*سوپاسی هەموو ئەومانە دەکەین کە رۆژێك لە رۆژان هاوکارمان بوون لە خووێندن

*زۆر سوپاسی هەموو ئەو مامۆستایانە دەکەین کە یارمەتیدەرمان بوو لە توێژینەوەکانمان

*زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی زانکۆ سەلاحەدین سەرۆکی بەشی ئابووری ئێواران پ.ی.د بەختیار صابر محمد/پ.ی.دفەهمی حمد علی

## ناوەڕۆک


پێشەکی ...................................................... ١

**بەشی یەکەم : چەمکی نیشتەجێکردن و خواست و خستنەڕووی خانووبەرە** ............................................................ ٢

**تەوەری یەکەم : چەمکە جیاوازەکانی نیشتەجێیکردن** ............................................................ ٢

تەوەری دووەم : ............................................................ ٣

خواست لەسەر خانووبەرە لە ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەری. ............................................................ ٣

دووەم ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر قەبارەی خواست لەسەر یەکەکانی نیشتەجێبوون.......................... ٣

هۆکارە دیموگرافییەکان ............................................................ ٣

هۆکارە ئابوری و داراییەکان ............................................................ ٤

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ............................................................ ٥

ئەو تەکنەلۆژییەی کە لە دروستکردنی خانوبەرە بەکاردێن ............................................................ ٥

دووەم: سەلیقە و ئارەزووەکان ............................................................ ٥

تەوەری سێیەم: خستنەڕووی یەکەکانی نیشتەجێبوون ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەری ............................................................ ٦

**یەکەم : خستنەڕووی یەکەکانی نیشتەجێبوون (خانووبەرە)** ............................................................ ٦

**دووەم: ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر دابینکردنی خانووبەرە هەیە** ............................................................ ٦

١- هۆکارە ئابوورییەکان ............................................................ ٦

٢- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ............................................................ ٧

بەشی دووەم : خواست و خستنەڕووی (خانووبەرە) (نیشتەجێبوون) لە هەرێمی کوردستان ............................................................ ٨

**تەوەری یەکەم : خواستی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان** ............................................................ ٨

خشتەی (١) ژمارەی دانیشتووان لە ناوەندەکانی شارەکان لە هەرێمدا لەماوەی نێوان (٢٠٠٥-٢٠١٧) ............................................................ ٨

خشتەی (٢) ژمارەی دانیشتووان لە پارێزگاکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧) ............................................................ ٩

خشتەی (٣) ژمارەی گرێبەستی هاوسەرگیری لە ناوەندی شارەکانی هەرێم لە ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧) ............................................................ ١٠

خشتەی (٤) ژمارەی گرێبەستی جیابوونەوە لە ناوەندی شارەکانی هەرێم لە ماوەی (٢٠٠٥ - ٢٠١٧) ............................................................ ١١

خشتەی ژمارە (٥) خەمڵاندنی ژمارەی خێزانەکان لە ناوەندی شارەکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧) ............................................................ ١٢

خشتەی ژمارە(٦) خەمڵاندنی ژمارەی خێزانەکان بەپێی پارێزگارەکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧) ............................................................ ١٣

تەوەری دووەم : خستنەڕووی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان ............................................................ ١٤

خشتەی ژمارە (٧) ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە ناوەندی شارەکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧) ............................................................ ١٤

خشتەی ژمارە(٨) ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی لە ناوەندی شارەکان لە هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧) ............................................................ ١٥

تەوەری سێیەم : کێشەی کورتهێنانی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان (خواست و خستنەڕوو) ............................................................ ١٦

خشتەی ژمارە (٩) کورتهێنانی خانووبەرە لە ناوەندی شارەکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧) ............................................................ ١٧

هۆکارە تایبەتییەکانی بەرپرس لە کورتهێنانی خانوبەرە لە هەرێمدا ............................................................ ١٨

خشتەی ژمارە (١٠) ژمارەی ئەو پارچە زەویانەی کە لەلایەن شارەوانییەوە دابەشکراون بەسەر چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بۆ ماوەی (٢٠٠٦-٢٠١٤)............................................................ ١٨

تەوەری چوارەم : شیکاری بۆ واقیعی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان ............................................................ ١٩

خشتەی ژمارە (١١) ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵانی (٢٠٠٩، ٢٠١٤، ٢٠١٧) ............................................................ ١٩

خشتەی ژمارە (١٢) یەکەکانی نیشتەجێبوون کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە تەواوکراون لە ناوەندی شارەکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧)....... ٢٠

خشتەی ژمارە (١٣) ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون کە لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن دروستکراون و ئەو خەرجییانەی بۆیان تەرخانکراوە............................................................ ٢١

خشتەی ژمارە (١٤) ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە لە (٢٠٠٦/٨/١ تا (٢٠١٨/٧/١) لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمەوە مۆڵەتیان پێدراوە ............................................................ ٢١

خشتەی ژمارەی (١٥) ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە تەواوکراون لە پارێزگاکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٦ - ٢٠١٢)............................................................ ٢٢

خشتەی ژمارە (١٦) ژمارەی پرۆژە تەواونەکراوەکان و دابەشنەکراون بەسەر تاکەکاندا لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە لە پارێزگارەکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٦ - ٢٠١٤) ........ ٢٢

دەرئەنجام پێشنیارەکان ............................................................ ٢٣

پێشنیارەکان ............................................................ ٢٣

لیستی سەرچاوەکان: ............................................................ ٢٤

## پێشەکی

دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو یەکێکە لە پێداویستییە پێویستەکان بۆ سەقامگیری خێزان و، سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵات. بۆیە حکومەتەکان لە هەموو وڵاتاندا بە ئامانجی دابینکردنی پێداویستییەکانی هەموو چینە کەمدرامەتەکان حەز دەکەن سیاسەتی نیشتەجێبوون بگرنەبەر، بەڵام ئەو سیاسەتە نەگونجاوانەی نیشتەجێبوون کە پەیرەو کرا، قەیرانی کەرتی نیشتەجێبوونیان قووڵتر کرد، بەجۆرێك وای لێهات لە ساڵانی ڕابردوو خواستێکی بەرفراوان و زۆر لەسەر خانووبەرە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی سروشتی دانیشتوان و، بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی و کولتووری دانیشتوان و، کۆچکردن لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئەمەش وایکرد پرسی کێشەی نیشتەجێبوون لەلای توێژەرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەهۆی کاریگەرییەکەی لەسەر ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی گرنگی زیاتری پێبدرێت، لە لایەنی ئابوورییەوە دیارە کاریگەرییەکانی کێشەی نیشتەجێبوون خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە: بوژاندنەوەی بازاڕی خانووبەرە بازاڕەکانی دیکە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، ئیدی بەشێوەیەکی بێت ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەوەی لە خەرجییە گشتیەکانەوە بۆ ئەم بازاڕە تەرخان دەکرێت، یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەو کاریگەرییەی کە ئەم خەرجییانە بۆ چالاکییە ئابوورییەکانی دیکە دروستی دەکات، لە زیادبوونی گەشەی ئابووری و کەمبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی تاک، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کێشەی خانووبەرە خۆی لە کەمی خۆشگوزەرانی و ناهاوسەنگی لە ڕەفتاری ڕۆژانەی تاکدا دەبینێتەوە، کە ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرهەمهێنانی دەبێت.

لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوە لە هۆکارە کاریگەرەکانی سەر فراوانبوونی کەلێنی خانووبەرە لەسەر ئاستی نیشتمانی لە ڕووی کەمکردنەوەی کورتهێنانی خانووبەرە و کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر ئابووری نیشتمانی و، لەسەر ئاستی تاکە کەسی یەکێکە لە پرسە گرنگەکان و، کاردەکات بۆ ئەوەی خانووبەرە بۆ زۆربەی چینەکان فەراهەم بێت و، بۆ خێزانە هەژارەکان بەتایبەتی و کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر داهاتەکانیان، بەو پێیەی تێچووی زەوی و، تێچووی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە بەرامبەر داهاتی سنووورداری تاکەکان لە ماوەی ڕابردوودا بەرزبوونەوەی زۆری بەخۆیەوە بینیوە.

لەزۆربەی وڵاتانی جیهان، بەهەرێمی کوردستانی عێراقیشەوە، گرنگیدان بە دیراسەکردنی چالاکییەکانی بواری نیشتەجێبوون زۆرتر بووە، ئەمەش هاوتەریب لەگەڵ ئامانجی حکومەت و سیاسەتی پەیوەست بە باشترکردنی ڕەوشی لەباری نیشتەجێبوون بۆ دانیشتوان، بەتایبەتی ئەوانەی داهاتیان سنووردارە، لە وڵاتانی پێشکەوتوتردا تێبینی دەکرێت کە دەستیان کردووە بە چڕکردنەوەی زۆربەی گرنگیپێدانیان لەسەر ئەم بابەتە، ئەمەش لە ڕێی گرنگیدان بە بازاڕی خانووبەرە بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی دانیشتووان دابین بکات.

- **کێشەی توێژینەوەکە:**

فراوانبوونی قەبارەی کەلێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی توێژینەوەکەدا و فرەیی هۆکارەکان و فاکتەرەکانی کاریگەریی تێیدا لە گرنگترین کێشە ئابوریەکانن لە ئێستادا کە پێویستە ئەوانەی لەم بوارە کاردەکەن هەوڵبدەن بۆ دۆزینەوەی چارسەرە گونجاوەکان بۆی و دیاریکردنی گرنگترین هۆکارەکانی یان فاکتەرەکانی بەرپرسیار لە فراوانبوونی ئەم بۆشاییە وێرای هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ کەمکردنەوەی لەئارادایە.

- **ئامانجی توێژینەوەکە:**
ئامانجی توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەیە لە واقیعی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان و، دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە بەشداربوون لە فراوانبوونی بۆشایی نیشتەجێبوون، هەروەها دیاریکردنی ڕادەی ئەو جیاوازییە لە قەبارەی ئەو بۆشاییەدا کە لە نێوان هەر سێ پارێزگارەکەدا هەیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی ٢٠٠٥ ـ ٢٠١٧.

**سنووری توێژینەوەکە:**
ئەم توێژینەوەیە دوو چوارچێوەی هەیە، چوارچێوەی یەکەم پەیوەندارە بەکاتەوە، ماوەی نێوان(٢٠٠٥-٢٠١٧) دەگرێتەوە، چوارچێوەی دووەم پەیوەندارە بەشوێنەوە، لەمەشدا هەرێمی کوردستان عێراق دەگرێتەوە.

## بەشی یەکەم : چەمکی نیشتەجێکردن و خواست و خستنەڕووی خانووبەرە

### تەوەری یەکەم : چەمکە جیاوازەکانی نیشتەجێیکردن

- **چەمکی نیشتەجێکردن:**

نیشتەجێبوون (السكن) ئەو شوێنەیە کە تاکەکان وەک پەناگەیەک و شوێنی ژیان و خۆپاراستن لە مەترسییە سروشتییەکان بەکاری دەهێنن، ئەویش بریتییە لە جێگایەك کە تاکەکان تێیدا نیشتەجێن، یان ئەو بونیادە مادیەیە کە پێکهاتووە لە دیوار و سەقفێک کە چاوی مرۆڤی لەسەرە (الدرة،١٩٨٨/١٥).

لەم ڕوانگەیەوە دەبێت چەمکی نیشتەجێبوون بزانین، نیشتەجێبوون بە مانای زمانەوانی واتە خانوو یان ماڵ، بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر پێناسە بۆ نیشتەجێبوون کراوە، لەوانە هەیانە کە بەپێی چەمکی تەسک پێناسەی کردووە بەوەی: ئەو پەناگەیەیە کە تێیدا مرۆڤ نیشتەجێیە، یان ئەو بینا مادیەیە کە پێکهاتووە لە دیوار و سەقفێک و مرۆڤ تێیدا دەژی. سەبارەت بە چەمکی فراوانیش ئەوا بەو شێوەیە پێناسە دەکرێت کە: (تەنها چوار دیوار و سەقفی سەرەوەیان لەخۆ نەگرێت، بەڵکو ئەو پێداویستی و خزمەتگوزارییە پێویستانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی یان ئارەزووی دەکات بۆ ئەوەی بە هەموو ئاسوودەیی و سەقامگیرییەوە لەو بینایەدا بژی (الياسري و لهمود،١٠٢/٢٠١٥)وایدەبینێت نیشتەجێبوون دیاریکراو و سنووردارە لەڕووی مادی و بایۆلۆجییەوە شوێنێکی کۆمەڵایەتی نزیکە کە تاک و کۆمەڵێک کەس دەتوانن ژیانی کۆمەڵایەتی ئاسایی تێیدا بەسەربەرن، بە وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکان، ئەنجامدانی کارەکانی ناوماڵ و چالاکییە بایۆ کۆمەڵایەتییەکانی تر. بەگوێرەی نیشتەجیکردنی ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە پەرەپێدانی ئابووری هەر وڵاتێکدا، بەجۆرێك کە ١٠-٢٠٪ کۆی چالاکی ئابووری هەر وڵاتێك دەگرێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوە کە گەورەترین بنچینەی جێگیری خێزانە.

پێداویستی نێشتەجێبوون بەتەنها یەکێك نییە لە توخمە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بەڵکو نیشاندەری ئاستی بژێوی دانیشتوانە، لە ئیستادا پرسێکی سەرەکی ئەوەیە کە خانووبەرە دەبێت بەجۆرێك بێت مرۆڤ تێیدا ئاسوودە بێت و لەڕووی ئابوورییەوە تێچووی زۆر نەبێت و بە شێوەیەکی گونجاو بتوانرێت نۆژەن بکرێتەوە، هەروەها لە ڕووی تەلارسازییەوە گونجاو بێت و لەگەڵ ژینگەدا بگونجێت

سەرەڕای بۆچوونە زۆر و جیاوازەکان سەبارەت بە دیاریکردنی سروشتی کاڵای نیشتەجێبوون، بریتییە لە کاڵایەکی سەرمایەداری و بەکاربراو لە هەمان کاتدا، جگە لەوەی کاڵایەکە کە پێویستییەکی زەڕوری کۆمەڵایەتی بۆ تاکەکان دابین دەکات و خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بە نیشتەجێبووانی دەکات (وەک کاڵایەکی بەکاربەر)، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت بە کاڵایەکی وەبرهێنان دابنرێت، بەجۆرێك دەتوانرێت دوای ماوەیەك لەبەکارهێنانی بەنرخێك بفرۆشرێت کە لەوانەیە زیاتر بێت لەتێژووی دروستکردنەکەی یاخود نرخی کڕینەکەی، لەبەر ئەوەی نیشتەجیبوون وەبەرهێنانێکە تێصووی زۆری هەیە، لەهەمان کاتدا کەرەستەیکە هەمیشە ئاوەدانە، هەربۆیە خانوو بە وەبرهێنانێکی تێچوو زۆر دادەنرێت لەبەر ئەوەی لەڕووی بەرزی دەرستکردنی لەلایەك و گرنگی وەبەرهێنان لەلایەکی تر لەبواری نیشتەجیبوون لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە

**تەوەری دووەم : خواست لەسەر خانووبەرە لە ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەری**

**یەکەم : خواست لەسەر خانووبەرە**

خواست لەسەر خانووبەرە وا پێناسە دەکرێت کە ئەو پێویستییەیە پەیوەستە بە توانای کڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی سەربەخۆ بە قەبارەیەکی دیاریکراو و، خزمەتگوزاریی پێویست، بەجۆرێك گونجاو بێت لەگەڵ پێویستییەکە و، بەدیهێنانی خواستەکانی، بە شێوەیەک کە لەگەڵ خواستی تاک، یان کۆمەڵێك خەڵك بگونجێت کە خانووبەرە لە چوارچێوەی توانای خۆیان بەدەست بهێنن کەتێچووی بەدەستهێنانی بەتەواوەتی یاخود بە بەشەکی لە توانایاندا بێت)، مەبەست لە خواست لەسەر خانووبەرە ئەو خواستەیە کە بە هێزی کڕینی پێویست پشتگیری دەکرێت لەپێناوی دابینکردنی تێچووی دروستکردنی و، بەدیهێنانی قازانج، چونکە زۆرێک لە خێزانەکان لەگەڵ خێزانێکی دیکەدا لە خانوویەکدا دەژین و چاوەڕێی باشتربوونی باری داراییان دەکەن بۆ ئەوەی خواستەکەیان بەدی بهێنن، ئەم کەسانە ویستی کڕینی خانوویان هەیە، بەڵام بەوجۆرە نییە کە کاریگەرییەکەی لە بازاڕدا ڕەنگ بداتەوە، بوونیان یان زیادبوونیان بەردەوام فشار دەخاتە سەر بەرزکردنەوەی تێکڕای نرخی فرۆشتن و ڕێژەی کرێ بۆ ئاستێکی بەرز (عبدالله،٦/١٩٨٠)، لەبەر ئەوە دەکرێت چەمکی خواستی نیشتەجێبوون کەبە یەکێك لەچالاکییەکانی نیشتەجێبوون دادەنرێت بەوە پێناسە بکرێت کە: ویستی بەدەستهێنانی یەکەیەکی نیشتەجێبوونە کە خێزان لەبەرانبەریدا پارەیەك دەدات، لەبەر ئەوە دوو جۆر خواستی نیشتەجێبوون هەیە:

١. داواکاری شاراوە: وا پێناسە دەکرێت کە ویستی بەدەستهێنانی یەکەیەکی نیشتەجێبوونە بەبێ بوونی توانای پارەدان.
٢. داواکاری کارا: بە خواستی خێزان بۆ بەدەستهێنانی یەکەیەکی نیشتەجێبوون پێناسە دەکرێت کە خێزانەکە توانای پارەدانی هەبێت، ئەمجۆرە نوێنەرایەتی خواستی ڕاستەقینەی خانووبەرە دەکات، کە بازاڕی خانووبەرە ئەم دەگرێتەوە، واتە خواستی نیشتەجێبوون بە دوو توخم بەڕێوەدەچێت، ئەوانیش: خواستی بەدەستهێنانی یەکەی نیشتەجێبوون و توانای ئابووری بۆ پارەدان (الشعبان، ٢٠١٤: ٤٩١)، لەڕێی پێکهێنانی خێزانی نوێ، یاخود لەڕێی گواستنەوەی دانیشتوانی نوێ بۆ ناوچەیەك خواستی بەدەستهێنانی خانووبەرە بەدی دێت و، لەمەشەوە گۆڕانی خاوەندارێتی دێتە ئارا، ئیدی بە بەکرێگرتن بێت یا بە خاوەندارێتی، یان بەکڕینی خانوو، یا بۆ مەبەستی دیکە ئەو داوایە بێتە ئارا (محمد،٢٠٠٤/٩٢).

**دووەم: ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر قەبارەی خواست لەسەر یەکەکانی نیشتەجێبوون هەیە**

بریتییە لە کۆمەڵێک هۆکاری دیمۆگرافی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و دارایی، لەوانە:

**١-هۆکارە دیمۆگرافییەکان**

فاکتەری دیمۆگرافی کە زیادبوونی سروشتی ژمارەی دانیشتووان و کۆچە، یەکێکە لەو هۆکارە بنەڕەتیانەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشدارە لە زیادکردنی خواست لەسەر یەکەکانی نیشتەجێبوون، ئەویش بە قەبارە و ژمارەی خێزانەکان و زیادبوونی دانیشتووان و کۆچکردن.

بەو پێیەی زیادبوونی تێکڕای قەبارەی خێزان یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی کە کاریگەری لەسەر خواست لەسەر یەکەکانی نیشتەجێبوون هەیە، پەیوەندی نێوان ژمارەی خێزانەکان و قەبارەی خێزانەکە پەیوەندییەکی ئەرێنییە لەگەڵ خواست لەسەر خانووبەرە، بەڵام زیادبوونی ژمارەی خێزانەکان ڕەنگە وەك پێویست بە مانای زیادبوونی قەبارەی داواکارییەکە نەیەت ئەگەر لەگەڵیدا توانای کڕینی ئەو خێزانانە زیاد نەکات، ئەمەش جگە لەوەی کە زیادبوونی قەبارەی خێزانەکان بە واتای زیادبوونی ڕووبەری بیناسازی دێت و، بەم پێیەش زیادبوونی تێچووی بیناسازی لە ڕووی کوالیتیەوە دەگەیەنێت (الشعبان،٢٠١٤:٤٢٢). بەگوێرەی تیۆری مالسۆس بۆ دانیشتوان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە دانیشتوان بەشێوەیەکی بەپێی تیۆری دانیشتوانی ماڵتۆس کە جەخت لەوە دەکاتەوە دانیشتووان بە شێوەیەکی ڕێکوپێکی ئەندازەیی گەشە دەکات، لەکاتێکدا کەرەستەکان بە شێوەی ژمارەیی گەشە دەکەن. بەو پێیەی دروستکردنی ماڵ پێویستی بە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان هەیە، لەوانە زەوی، کەرەستەی بیناسازی، کار و وردەکارییەکانی تری بیناسازی، بۆیە خانووبەرە بە شێوەی ژمارەیی گەشە دەکات، واتە، ژمارەی دانیشتووان خێراتر لە خانووبەرە گەشە دەکات و ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی قەیرانی نیشتەجێبوون (الیاسري ولهمود،٢٠١٤:١٠٦)

**٢-هۆکارە ئابووری و داراییەکان**

زۆرجار ئاستی داهات و تێچووی بیناسازی و بەردەستبوونی زەوی و نرخەکانی لەخۆدەگرێت، سەبارەت بە داهاتیش یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کاریگەری لەسەر خواستی دانیشتوان هەیە، بەو پێیەی ئاستی بەرزی داهات واتە زیادبوونی توانای خێزانەکان بۆ زیادکردنی خواست لەسەر شوێنی نیشتەجێبوون بۆ کەسێک یان گواستنەوە بۆ یەکەی نیشتەجێبوونی باشتر. هەروەها ئاستی جیاوازی داهات دەبێتە هۆی جیاوازبوونی قەبارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون. وا گریمانە دەکرێت کە داهاتی بەرز بەرەو ئاراستەی گەورەکردنی قەبارەی خێزان بڕوات، ڕەنگە ئەم گوتەیە بۆ کۆمەڵگا گوندنشینەکان ڕاست بێت بە پێچەوانەی ناوچە شارییەکان، چونکە ئاستی نزمیی داهات وابکات نەگەنە ئاستی پێویستی خۆراکی گونجاو و نیشتەجێبوون و ڕۆشنبیریی شیاو بۆ دانیشتوان و، لەبەر ئەوەی دابەشکردنی یەکسانی داهات بەزۆری پەیوەستە بە بەرزترین ئاستەکانی خۆشگوزەرانی و، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، چونکە خۆشگوزەرانی تەنها هەندێک گروپ یان چینی کۆمەڵایەتی بگرێتەوە کە ڕەنگە تەنها کەمینەیەک لە کۆمەڵگادا بن (راهي،٢٠١٥:١٨٨).

سەبارەت بە تێچووی بیناسازیش کاریگەری لەسەر قەبارەی خواستی نیشتەجێبوون هەیە، بەو پێیەی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵایەک خواست لەسەری کەمدەکاتەوە، بۆیە پەیوەندی نێوان تێچووی بیناسازی و قەبارەی خواست لەسەر خانووبەرە، پەیوەندییەکی پێچەوانەیە و، تێچوونەکە خۆی کاریگەری لەسەر کۆمەڵێک هۆکار هەیە، گرنگترینیان بریتین لە (هێزی مرۆیی و، بیناسازی هەروەها لە هەندێک حاڵەتدا خاوەن ماڵ گرێبەست لەگەڵ بەڵێندەرێک دەکات بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی بیناسازی، لەبەر ئەم هۆکارە، تێچووی بیناسازی لەم حاڵەتەدا پەیوەندی بە سێ هۆکاری سەرەکییەوە هەیە، ئەوانیش: نرخی کەرەستەی بیناسازی و کرێی کرێکار، لەگەڵ قازانجی بەڵێندەر، ئاشکرایە نرخی کەرەستەی بیناسازی و کرێی کرێکاریش ئەمانیش لە هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانە کە کاریگەریان لەسەرە، بۆ نموونە زیادبوونی خواست لەسەر خانووبەرە یان بازاڕی خانووبەرە دەبێتە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر کەرەستەی بیناسازی و هێزی کار، بەمەش نرخەکانیان بەرز دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچووی بیناسازی (الشعبان،٢٠١٤:٤٩٣). تێچووی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوونیش هۆکارێکی کاریگەر و بنەڕەتییە لە دابینکردنی پێویستی نیشتەجێبوون بەهۆی پەیوەندی بە توانای کڕینی زۆرێک لە خێزانەکانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی داهاتیان سنووردارە (الياسري ولهمود، ٢٠١٥: ١٠٨). هەروەها قەبارەی ئەو قەرزەی پێشکەش دەکرێت لە هۆکارە ئابوورییە گرنگەکانە کە کاریگەری هەیە لەسەر قەبارەی خواست لەسەر یەکەکانی نیستەجێبوون، زۆربەی کات بڕیاردان لەسەر چوونە بازاڕی خانووبەرە لەسەر بنەمای قەبارەی ئەو قەرزەیە لەبازاڕی گریمانەیی خانووبەرەدا پێشکەش دەکرێت، قەبارەی ئەو قەرزەی دەدرێت کاریگەری تێچووی بیناکردنی لەسەر هەیە، هەتا ئەو تیچووە بەرز ببێتەوە ئەوا پێشبینی زیادبوونی ئەو قەرزەی دەدرێت دەکرێت (شيلان عبدالقادر،٢٠٠٩:٩٩). سیاسەتی دارایی و پێدانی قەرزی بانکی بۆ بنیاتنانی خانووبەرە تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگە بە زیادکردنی خواست لەسەر خانووبەرە دەدات، بەو پێیەی هانی ئەو کەسانە دەدات کە داهاتیان مامناوەند یان سنووردارە بەپێی توانای دارایی خۆیان بیر لە دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون بکەنەوە، بەتایبەتی ئەگەر قەرزەکە پاداشت بێت بۆ مەبەستی بیناسازی، بەڵام کەرتی نیشتەجێبوون وەك کەرتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە پێویستی بە بڕی دارایی پێویست هەیە، کە ئەمەش وا دەکات تاکەکان ئەو بڕە پارەیە لە ڕێگەی زیادبوونی بەردەوامی خواست لەسەر خانووبەرە و، زیادبوونی بەردەوامی خواستی خانووبەرە بەکاربهێنن (الدرة، ١٩٨٨-١٧٥:١٨٨).

پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان ڕادەی ئەو قەرزەی بانکەکان بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون فەراهەمی دەکەن لەگەڵ قەبارەی وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا، بەجۆرێك بڕیارەکانی وەبەرهێنانی بەزۆری لەسەر بنەمای تواناو قەبارەی ئەو سەرچاوانەی لەو وڵاتەدا بەردەستن دەدرێت.

- ئەگەر ڕێژەی سوود لە دامەزراوە ئابوورییەکان بە هێواشی بجوڵێت، ئەوا داهات لە بازاڕی سەرمایەدا زیاد دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک پارەی دانراوی لە دامەزراوە داراییەکانەوە بگوازێتەوە بۆ قەرزی بازاڕ.
- زیادبوونی قازانجی بازاڕی سەرمایە لەوانەیە خێزانەکان ڕازی بکات کە کڕینی پێداویستی ژیان (وەك خانوو) دوابخەن، وەک کاریگەرییەکی یەکگرتووی هەردووکیان، قەرزە بەردەستەکان و چالاکییەکانی خانووبەرە لەوانەیە لە ماوەی زیادبوونی دەستکەوتدا کەم ببێتەوە (یان زیاد بکات). لەماوەی زۆربوونی سەر سەرمایە و خێراتر لە زیادبوونی ڕێژەی سوود لە دامەزراوە ئابوورییەکان (صالح، ٢٠٠١-٤٢:٤١). هەروەها سیاسەتی باجی خانووبەرە و ڕێژەی سوود دوو گۆڕاوی هاوبەشن سەبارەت بە ڕێژەکانی خواست و خستنەڕوو، چونکە سوود کاریگەری لەسەر تێچووی دارایی وەبەرهێنەران هەیە بۆ پرۆژەکانی خانووبەرە لە ڕووی دیاریکەرەکانی خستنەڕوو و کاریگەری لەسەر تێچووی وەرگرتنی قەرز بۆ خێزان و تاکەکان هەیە، هەروەها ڕوونی دەکەینەوە کە سەرچاوەی سەرەکی دارایی بۆ خانووبەرە پاشەکەوتی خێزانە (راهي،٢٠١٥:١٨٩).

**٣-هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان**

گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و کولتووری، لەگەڵ گەشەسەندنی ئابووری بەرچاو، ڕەنگە کاریگەری لەسەر خواست لەسەر یەکەکانی نیشتەجێبوون هەبێت لەڕووی گواستنەوەی تاکەکان لەو یەکانەی ئێستای تێیدا نیشتەجێن بۆ یەکەکانی نیشتەجێبوونی کوالیتی باشتر، ئەم دۆخە بەزۆری لە ئەنجامی گواستنەوەی خێزانەکان لە ناوەندەکانی شارەوە بۆ قەراغی شارەکانیان ڕوودەدات لەبەر کۆمەڵێک هۆکار، گرنگترینیان بریتین لە: گۆڕینی بەکارهێنانی زەوی لە ناوەندەکانی شار، لە شوێنی نیشتەجێبوونەوە بۆ بازرگانی یان پیشەسازی، یان لە ئەنجامی تەمەنی ئەم یەکانە و نەگونجاوییان بۆ نیشتەجێبوون، واتە هەتا ئاستی ڕۆشنبیریی زیاتر بێت لەگەڵیدا قەبارەی خواست لەسەر یەکەکانی نیشتەجێبوون بەڕێژەیەکی دیاریکراو زیاد دەکات (الشعبان، ٢٠١٤: ٤٩٣).

**٤- ئەو تەکنەلۆژیایەی کە لە دروستکردنی خانووبەرەدا بەکاردێت**

دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون پێویستی بەچەندین جۆری جیاوازی تەکنەلۆژیا هەیە، تەکنەلۆژیای گونجاو یەکەم دیارخەر و ڕوونتریانە لەڕادەی بەردەستبوونی ڕێژەیی هێزی کار، سەرمایە، زەوی، کارامەیی و سەرچاوەکانە، هەروەها دەبێت گونجان و هاوئاهەنگی و پێکەوەسازان لە نێوان بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ یەکەکانی نیشتەجێبوون و ژینگەی دەوروبەری هەبێت، چونکە ناتوانرێت تەکنەلۆژیایەك بەکاربهێنرێت کە لەگەڵ سروشتی شارەکەدا ناگونجێت، بەڕوونی تەکنەلۆژیا ڕۆڵی هەیە ڕۆڵی لە شارەکاندا، وەک چۆن ئەمە لە هەموو خزمەتگوزارییەکانی شارەکەدا دیارە، ئەم پێشکەوتنانەی تەکنەلۆژیا کاریگەری لەسەر سروشتی مرۆڤیش هەبووە و، هۆکارگەلێک سەریان هەڵداوە کە ئەو تەکنەلۆژیایە بە هەندێك شوێنی دیاریکراوی شارەکەوە دەبەستنەوە، گومانی تێدا نییە کە بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییە مۆدێرنەکان و، کەرەستەی بیناسازی پێشکەوتوو، ئەمەش وا دەکات هەموو شوێنەکانی شار گونجاو بێت بۆ وەبەرهێنانی پێشکەوتوو، جا ئەو شوێنانە ناڕێک بن، یان دەشتایی، یان دوور بن لە ناوەندی شار، هەروەها هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون پێویستی بە جۆرێکی تایبەتی تەکنەلۆژیا هەیە کە جیاوازە لە جۆرەکانی تری یەکەکانی نیشتەجێبوون، ئەوەندەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووتر و لێهاتوویی زیاتر لەپرۆسەی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون بەکاربهێنرێت ئەوا تێچوو کەم دەکات (يوحنا،٢٠١٦:٣٣).

**دووەم: سەلیقە و ئارەزووەکان**

سەرەڕای سەختی پێوانەکردنی کاریگەرییەکانی فاکتەری سەلیقە لەسەر ڕەوتی خواستی گشتیی خانووبەرە بە شێوەیەکی چەندایەتی، بێگومان بە یەکێک لە هۆکارە گرنگ و سەرەکییەکانی ئەم بوارە دادەنرێت، بەو پێیەی جۆری خواست لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی دیکە دەگۆڕێت (لە ڕووی شێوە، دیزاینی بینا، قەبارە، یان ڕووبەری زەوی و سروشتی ئەو کەرەستانە کە لە بیناسازی یەکەکانی نیشتەجێبووندا بەکاردەهێنرێن...هتد) بۆیە داواکاری خانووبەرە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مەیلی دەروونی بەکارهێنەرانەوە، ئەمەش ڕەنگە زۆر لاواز بێت لە کاتی خراپتربوونی قەیرانی نیشتەجێبوون و بێتوانایی هاووڵاتی لە هەڵبژاردنی نێوان بەدیلەکانی نیشتەجێبوون، هەروەها سەلیقە پەیوەندی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتووری خێزانەوە هەیە، پاشان بە توخمەکانی لاساییکردنەوە و هاوشێوەیی دەرەوە.

**تەوەری سێیەم: خستنەڕووی یەکەکانی نیشتەجێبوون ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەری**

**یەکەم : خستنەڕووی یەکەکانی نیشتەجێبوون (خانووبەرە)**

فاکتەری پێشبینی لە دیاریکردنی بڕیاری داواکاری خانووبەرەدا زۆر گرنگە، چونکە خواست لەگەڵ گەشبینی سەبارەت بە کەمبوونەوەی تێچووی بیناسازی یان نرخی یەکەکانی نیشتەجێبوون زیاد دەکات و پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەمەش لەگەڵ چەسپاویی هۆکارەکانی دیکە.

سەبارەت بە خستنەڕووی خانووبەرە، پێکدێت لە یەکەکانی نیشتەجێبوون کە لە ماوەی دیاریکراودا بۆ کرێ یان بۆ فرۆشتن ئامادە دەکرێن و، دوو هۆکاری بنەڕەتیش هەن کە قەبارەی دابینکردنی خانووبەرەی نوێ لەو ماوەیەدا پێکدەهێنن: (محمد،٢٠٠٤:٩٣).
فاکتەری یەکەم: خۆی لەدروستکردنی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوونە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەبینێتەوە.
فاکتەری دووەم: خۆی لەو بینایانەدا دەبینێتەوە کە لەلایەن کەرتی گشتییەوە دروستکراون.

مەبەست لە دابینکردنی خانووبەرە، یەکەکانی نیشتەجێبوونە کە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەردەستە و یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی کە هەندێکجار کۆنترۆڵکردنی قورسە، ئەو گۆڕانکاریانەیە کەبە تێپەڕبوونی کات ڕوودەدەن، هەروەها هەندێکجار قورسە دابینکردن وەڵامدەرەوەی گۆڕانکارییەکان بێت کە لە ماوەی کورتدا لە خواستدا ڕوودەدات (بۆ نموونە ساڵێک) (الحسيني،٢٠١٥:٢٥٣).

**دووەم: ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر دابینکردنی خانووبەرە هەیە**

وەک پێشتر باسمانکرد سەبارەت بەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر خواست هەیە، کۆمەڵێک هۆکاریش هەن کە کاریگەرییان لەسەرە دابینکردنی نیشتەجێبوون هەیە، لەوانە:

**١-هۆکارە ئابوورییەکان**

هۆکارە ئابوورییەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر دابینکردنی خانووبەرە هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

**أ- تێچووی بیناسازی و کەرەستەکان و نرخی زەوی:**

مەبەست لە تێچووی کەرەستەکانی بیناسازی کۆی تێچووی ئەو کەرەستانەیە دەروستکردنییەتیی لەگەڵ کرێی کرێکار، بەبێ پارەی زەوی و تێچووی بنیاتنانی ژێرخانی بەو پێیەی کە دەوڵەت دابینی دەکات، تێچووی کەرەستەی بیناسازیش چەند هۆکارێک کاریگەریان هەیە لەسەری، لەوانە کەشوهەوای شێدار چونکە کاریگەری بەهێزی بەرگەهەوایان لەسەرە و هەڵگرتنیان قورسە، هەروەها کوالیتی ئەم ماددانە و جۆری تەکنەلۆژیای بەکارهێنراو لە بەرهەمهێنانیدا (علي،٢٠١٤:١١).

هەروەها بازاڕی زەوی پەیوەندییەکی بەتینی هەیە بە بازاڕی نیشتەجێبوونەوە بەو پێیەی زەوی یەکێکە لە توخمەکانی وەبەرهێنانی یەکەی نیشتەجێبوون، بگرە گرنگترین پێکهێنەری وەبەرهێنانی یەکەی نیشتەجێبوونە، دابینکردنی زەوی بە نەگۆڕ دادەنرێت نەک بەهۆی کەمی ڕووبەری زەوی پێشکەشکراو، بەڵکو بەهۆی بچووکی ڕووبەری ئەو زەوییەی گونجاو بێت بۆ نیشتەجێبوون، کە تێیدا خزمەتگوزاری و ڕێگاوبانی پێویست بۆ گواستنەوە هەبێت، هەتا لە ناوەندی شار دوور بکەوینەوە ڕووبەری زەوی زیاترو نرخی کەمتر دەبێت، ئەمەش بەهۆی دوورییەوە لەخزمەتگوزارییەکان. هەروەها چڕی یەکەکانی نیشتەجێبوون و کەمی زەوی و نارەحتی دروستکردن وادەکات خواست ئاسان نەبێت لە شوینەکانی ناوشاردا. کۆمەڵێك هۆکاری دیکەش هەیە کار لەسەر دیاریکردنی نرخی زەوی دەکەن، لەوانە: (بەردەستبوونی خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری تەندروستی و، بەئاسانی گەیشتن پێی و، هەبوونی بازاڕو قوتابخانە و ڕووبەری زەوی نیشتەجێبوون و، ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خەڵکی شوێنەکە و ڕادەی گونجانی ئەو شوێنی نیشتەجێبوونە بۆ ڕەوشی زانستی و ڕۆشنبیری خێزان، ئەم هۆکارانە کاردەکەن لەسەر بەرزکردنەوەی نرخی زەوی نیشتەجێبوون بەرانبەر بەزەوی
دیکە کە خزمەتگوزارییان نەبێت (علي،٢٠١٤:١٢). گومانی تێدا نییە کە کرێکاریش یەکێکە لەتوخمە بنەڕەتییەکانی وەبەرهێنان کەبەشدارە لەهەموو قۆناغەکانی پرۆژەکەداو، کاریگەری ڕاستەقینەی هەیە لەسەر کارەکانی بونیاتنان کە گۆڕانکاری بەردەوام بەخۆیەوە دەبینێت و، سەختترین لەڕووی مەزەندەکردنی بەچاکی، لەبەر ئەوە لەپێناوی بەجێگەیاندنی کارەکە بەشێوەیەکی چاك دەبێت خاوەنکار ئەو تێچووانەی دروستکردن بەشێوەیەکی ورد و تەواو لێکبداتەوە، بەڵکو یەکێك لەو ڕاستیە دیارانەی لەلێکۆڵینەوە ئابووریەکاندا دیاردەی بەرزبوونەوەو زیادبوونی کرێ دەبینین کە کرێکار و ئەوانەی لەکەرتی دروستکردنی خانووبەرەدا کار دەکەن بەخۆیەوە دەبینێت (الصيرفي،٢٠١٢:٣٤٨).

**ب. قەرزی دارایی یان خانووبەرە:**
یەکەی نیشتەجێبوون بە تێچووی زۆری بیناسازی دەناسرێتەوە، بۆیە دارایی لە کەرتی نیشتەجێبووندا گرنگییەکی بەرچاوی هەیە بەراورد بە هۆکارەکانی تر. پرۆسەی دارایی بە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی پرۆسەی نیشتەجێبوون دادەنرێت، بەو پێیەی هەموو توخمەکانی بەرهەمهێنان بە زەوی و کەرەستەی بیناسازی و هێزی کارەوە پشت بە پارەدارکردن دەبەستن، بەتایبەتی لە ئابووریی وڵاتانی هەژاردا، هەبوونی سەرمایە زۆر پێویستە بۆ بەکارهێنانی لە پرۆسەی دروستکردنی خانووبەرەدا. هەروەها خاوەندارێتی خانوو بۆ نیشتەجیبوونی خێزانەکە و هەستکردن بە ئارامی بۆیان دابین دەکات، بەو پێیەی کڕینی خانوو گرنگترین دەستکەوتە لە ژیانی هەر خێزانێکدا، چونکە زۆربەی خێزانەکان ناتوانن ببنە خاوەنی خانوو، هەر بۆیە ئەو خێزانانە ناچارن قەرز بکەن بۆ دابینکردنی دارایی خانووبەرە (الصيرفي،٢٠١٢:٣٠١).
وەبەرهێنەر لە کەرتی نیشتەجێبووندا ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕادەی بەردەستبوونی سەرچاوە داراییەکان و دەستدانیان بۆ قەرزکردن، چونکە کەمی سەرچاوەی دارایی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی وەبەرهێنەران لە پرۆسەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبووندا، ئەم دووەمیان پەیوەستە بە کارایی بازاڕی سەرمایە و ڕادەی بەردەستبوونی سەرچاوە داراییەکان بۆ قەرزکردن لە دوو ئاراستەوە. پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان قەبارەی ئەو قەرزە بانکیانەی بەردەستن بۆ دروستکردنی خانووبەرە لەگەڵ قەبارەی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون، چونکە زۆرجار بڕیارەکانی وەبەرهێنان لەسەر بنەمای توانای بەردەستبوون و قەبارەی سەرچاوە داراییەکانی بەردەست لە وڵاتدا دادەنرێت (صالح،٢٠٠١:٤١).
**ج. نرخی یەکەی نیشتەجێبوون:**
نرخی یەکەی نیشتەجێبوون یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە کاریگەری لەسەر بازاڕی نیشتەجێبوون و دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون هەیە، هەروەها ئاراستە و ڕێرەوی پرۆسەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی نوێ دیاری دەکات، چونکە چاوەڕوانییە پێشبینیە گەشبینییەکانی وەبەرهێنەران سەبارەت بە خواست و نرخ لە داهاتوو دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕەوتی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون و بەمشێوەیەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون. بەهەرحاڵ پەیوەندی نێوان نرخ و خستنەڕوو پەیوەندییەکی ئەرێنییە و ئاراستەی بەرەوخواری خستنەڕووی خانووبەرە لە خوارەوەی چەپەوە بۆ سەرەوەی ڕاست ئاماژەیە بۆ ئەو پەیوەندییە ئەرێنییەی نێوانیان، لەگەڵ ئەوەشدا باڵادەستی لە ڕادەبەدەر لە ئاستی خستنەڕووی خانووبەرەدا وادەکات نرخی یەکەی نیشتەجێبوون بەرەو دابەزین بڕوات، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر هێواش، ئەمەش بە کەمبوونەوەی چەسپاو ناسراوە، ئەمەش بەهۆی هەندێک خۆپارێزی و لەبەرچاوگرتنی تایبەت لای فرۆشیارەکان، کە وایان لێدەکات نەفرۆشن یان بەکرێ نەگرن و چاوەڕێی دەرفەتی بەرزبوونەوەی نرخ بکەن (عبدالعزيز،٢٠٠٧:٢٧).
**٢-هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان**
هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر ناوچەیەکدا کاریگەرییان لەسەر دابینکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون هەیە، بەجۆرێك خواستی نیشتەجێبوون لەگەڵ زیادبوونی هەندێک هۆکاری کۆمەڵایەتی زیاد دەکات، وەک زیادبوونی ژمارەی خێزانەکان، یان حەزکردنی هەندێک کەس بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو، ئیدی بەهۆی بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی یان خزمایەتی، یان بەهۆی هەستکردن بە گونجانیان لەگەڵ دانیشتووان و شوێنەکە بەهۆی ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ ژیابن، گرنگترین هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانیش: دابەشبوونی خێزان و پێکهێنانی خێزانی نوێ، گۆڕینی قەناعەت و ڕازیبوون بەکەمترین ڕووبەری شوێنی نیشتەجێبوون، ئەمە وێڕای بوونی ئارەزووی پەیوەستی بۆ ناوچەیەکی نیشتەجیبوون ئەسڵی (مطلك وعلك، ٢٠١٦: ٢٩٤).
**فاکتەرە ئاوەدانکارییەکان (بەردەستبوونی خزمەتگوزاری و سوودی گشتی)** پێکهاتە بنەڕەتییەکانی خزمەتگوزاری و ژێرخانی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو ناوچەیەکی نیشتەجێبوون پێویستە، هەروەها دابینکردنی خانووبەرە لە بنەڕەتدا بەستراوەتەوە بە دابینکردنی ژێرخانی ئابوورییەوە، بۆیە فراوانکردنی دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی نوێ بەستراوەتەوە بە بەردەستبوونی ئاسانکاری و، تۆڕی پەیوەندییەکان و، خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوە و بارودۆخی ژینگەیی، لە هیچ ناوچەیەک ناتوانرێت خانووبەرە دروست بکرێت و خواستی خانووبەرە زیاد بکات بەبێ بەردەستبوونی ئەم خزمەتگوزارییانە

## بەشی دووەم : خواست و خستنەڕووی (خانووبەرە) (نیشتەجێبوون) لە هەرێمی کوردستان

### تەوەری یەکەم : خواستی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان

زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان یەکێکە لەو هۆکارە گرنگ و سەرەکیانەی کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی نیشتەجێبوون، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان زیادبوونی دانیشتوان و خواست لەسەر خانووبەرە، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان هەیە، بەزیادبوونی ژمارەی دانیشتوان خواست لەسەر خانووبەرە زیاد دەکات بە پێچەوانەشەوە.

ئەو داتایانەی لە خشتەی (١)دا خراوەتەڕوو، ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی دانیشتوان لە ناوەندەکانی شارەکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧) بەردەوام لە گەشەکردندایە، ڕێژەی ئەم گەشەکردنەش جیاوازە، دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت کۆی ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە ناوەندەکانی شارەکانی هەرێمدا لە ماوەی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٧ گەیشتووەتە(٢,٢٤٢,٢٦٨). هۆکاری ئەم زیادبوونەش بۆ زیادبوونی منداڵبوون و کەمی مردن دەگەڕێتەوە، پاشان کۆچکردن و گواستنەوە بۆ ناو هەرێم، هەرێم بووبووە ناوەندێکی سەرەکی هاتنی کۆچبەر، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی پارێزگارەکانی عێراق لە دوای ڕووداوەکانی ساڵی (٢٠١٤) لە ئەنجامی شەڕ و ململانێ و وێرانکاری ناوچەکانی نیشتەجێبوونیان بەجێهێشت. هەندێك پارێزگا هەیە هێشتا دۆخی ئەمنییان سەقامگیر نەبووە، ئەمەش وایکرد دانیشتووانەکەی کۆچ بکەن بۆ پارێزگارەکانی تر کە تاڕادەیەک سەلامەتن، بەجۆرێك زۆرینەی خەڵکی ئاوارە و کۆچبەران لەو ناوچانە دەژین کە بارودۆخیان زۆر خراپە، بەو پێیەی سەرەتاییترین خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانییان نییە، ئەمەش فشاری لەسەر کەرتی نیشتەجێبوون و لەسەر کەرتی نیشتەجێکردن و کەرتی خزمەتگوزارییەکانی هێنایە ئارا، ئەمەش بەو واتەیە کاریگەری نەرێنی لێدەکەوێتەوە.

خشتەی (١) ژمارەی دانیشتووان لە ناوەندەکانی شارەکان لە هەرێمدا لەماوەی نێوان (٢٠٠٥-٢٠١٧)

| ساڵەکان | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | تێکڕا | ڕادەی گەشەی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٥ | ٧٠٤٣٤٧ | ٦٥٢٠٢٦ | ٢٧٦٩٨٤ | ١٦٣٣٣٥٧ | |
| ٢٠٠٦ | ٧٢٦١٣١ | ٦٧٢١٩٢ | ٢٨٥٥٥١ | ١٦٨٣٨٧٤ | ٣,٠٩ |
| ٢٠٠٧ | ٧٤٨٥٨٩ | ٦٩٢٩٨١ | ٢٩٤٣٨٣ | ١٧٣٥٩٥٣ | ٣,٠٩ |
| ٢٠٠٨ | ٧٧١٧٤١ | ٧١٤٤١٣ | ٣٠٣٤٨٨ | ١٧٨٩٦٤٠ | ٣,٠٩ |
| ٢٠٠٩ | ٧٩٥٦٠٩ | ٧٣٦٥٠٨ | ٣١٢٨٧٤ | ١٨٤٤٩٩١ | ٣,٠٩ |
| ٢٠١٠ | ٨١٢٧٨٢ | ٧٤٢٠٩٠ | ٣١٩١٣٢ | ١٨٧٤٠٠٤ | ١,٥٧ |
| ٢٠١١ | ٨٣٥٧٩٤ | ٧٥٨٩٠٨ | ٣٢٩٩٩٤ | ١٩٢٤٦٩٠ | ٢,٧٠ |
| ٢٠١٢ | ٨٥٨٩٠٢ | ٧٧٦٠٦٣ | ٣٤٠٨٥٨ | ١٩٧٥٨٢٣ | ٢,٦٦ |
| ٢٠١٣ | ٨٨٢٣٩٥ | ٧٩٣٥٢٣ | ٣٥١٩٢٢ | ٢٠٢٧٨٤٠ | ٢,٦٣ |
| ٢٠١٤ | ٩٠٦٢٤٥ | ٨١١٢٥٧ | ٣٦٣١٧١ | ٢٠٨٠٦٧٣ | ٢,٦١ |
| ٢٠١٥ | ٩٣٠٣٨٩ | ٨٢٩٢٤٥ | ٣٧٤٦٠٥ | ٢١٣٤٢٣٩ | ٢,٥٧ |
| ٢٠١٦ | ٩٥٤٨٠٧ | ٨٤٧٤٦٢ | ٣٨٦٢٠٩ | ٢١٨٨٤٧٨ | ٢,٥٤ |
| ٢٠١٧ | ٩٧٨٤٢٣ | ٨٦٥٨٨٠ | ٣٩٧٩٦٥ | ٢٢٤٢٢٦٨ | ٢,٤٦ |

**سەرچاوە:** حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٧، دەستەی ئامار لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٧.
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی و پیشەسازی، بەشی یاسایی، داتای بڵاونەکراوە.

ئەنجامەکانی خشتەی (٢) ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم لە ماوەی (٢٠٠٥ - ٢٠١٧) بە ڕێژەی جیاواز بەردەوام بووە لە گەشەکردن، لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٠ بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردوە بە ڕێژەی ٣,٠٩٪، بەڵام لە ساڵانی دیکەدا لە ساڵی ٢٠١١ تا ٢٠١٧، گەشەسەندنی بەردەوام بە ڕێژەی جیاواز تۆمارکراوە لە نێوان ٢.٥١% بۆ ٢.٧٦%، بەجۆرێك خواستی خێزانەکان بۆ خانووبەرە لەگەڵ باشتربوونی بارودۆخی داراییان بە تێپەڕبوونی کات یان زیادبوونی ژمارەیان زیاد دەکات، بۆیە پەنا دەبەنە بەر کرینی شوێنی نیشتەجێبوونی گەورەتر و سەربەخۆ، هەموو خێزانێک ئارەزووی بەدەستهێنانی یەکەی نیشتەجێبوونی خۆی دەکات کە تێیدا سەربەخۆ بژی، ئەمەش دەبێتە هۆی فراوانبوونی قەبارەی کێشەکە لە هەرێمدا، هەروەها زیادبوونی قەبارەی خێزانەکان ڕەنگە بە شێوەیەکی سەرەکی نەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ڕێژەی منداڵبوون، بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ زیادبوونی ژمارەی ئەو خێزانانە بگەڕێتەوە کە لەناو خێزانە گەورەکاندا بوون و جیا دەبنەوەو سەربەخۆ دەژین. هەربۆیە پێکهێنانی خێزانی نوێ بەجۆرێك لەجۆرەکانی گەشەکردن دادەنرێت لەپاڵ شێوازی دیکەی گەشەکردنی سروشتی کە ئەویش فشارێکی تر لەسەر ڕادەی نیشتەجێبوون دروست دەکات، ئەمەش لای خۆیەوە دەبێتە هۆی فراوانبوونی قەبارەی کێشەکە لەشارەکانی هەرێمی کوردستاندا.

خشتەی (٢) ژمارەی دانیشتووان لە پارێزگاکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧)

| ساڵەکان | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | تێکڕا | ڕادەی گەشەی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٥ | ١٥٠٧٥٩٨ | ١٥٦٧٤٥٧ | ١٠٤١١٠٨ | ٤١١٦١٦٣ | - |
| ٢٠٠٦ | ١٥٥٤٢٢٥ | ١٦١٥٩٣٥ | ١٠٧٣٣٠٧ | ٤٢٤٣٤٦٧ | ٣,٠٩ |
| ٢٠٠٧ | ١٦٠٢٢٩٤ | ١٦٦٥٩١٢ | ١١٠٦٥٠٢ | ٤٣٧٤٧٠٨ | ٣,٠٩ |
| ٢٠٠٨ | ١٦٥١٨٤٩ | ١٧١٧٤٣٥ | ١١٤٠٧٢٤ | ٤٥١٠٠٠٨ | ٣,٠٩ |
| ٢٠٠٩ | ١٧٠٢٩٣٧ | ١٧٧٠٥٥٢ | ١١٧٦٠٠٤ | ٤٦٤٩٤٩٣ | ٣,٠٩ |
| ٢٠١٠ | ١٧٥٥٦٠٦ | ١٨٢٥٣١١ | ١٢١٢٣٧٥ | ٤٧٩٣٢٩٢ | ٣,٠٩ |
| ٢٠١١ | ١٨٠٥٣١٣ | ١٨٦٦٦٧٧ | ١٢٥٣٦٣٩ | ٤٩٢٥٦٢٩ | ٢,٧٦ |
| ٢٠١٢ | ١٨٥٥٢٢٦ | ١٩٠٨٨٧٤ | ١٢٩٤٩١٠ | ٥٠٥٩٠١٠ | ٢,٧١ |
| ٢٠١٣ | ١٩٠٥٩٧٠ | ١٩٥١٨١٨ | ١٣٣٦٩٤٤ | ٥١٩٤٧٣٢ | ٢,٦٨ |
| ٢٠١٤ | ١٩٥٧٤٨٦ | ١٩٩٥٤٣٩ | ١٣٧٩٦٧٥ | ٥٣٣٢٦٠٠ | ٢,٦٥ |
| ٢٠١٥ | ٢٠٠٩٦٣٧ | ٢٠٣٩٦٨٥ | ١٤٢٣١١٤ | ٥٤٧٢٤٣٦ | ٢,٦٢ |
| ٢٠١٦ | ٢٠٦٢٣٨٠ | ٢٠٨٤٤٩٢ | ١٤٦٧١٩٨ | ٥٦١٤٠٧٠ | ٢,٥٩ |
| ٢٠١٧ | ٢١١٣٣٩١ | ٢١٢٩٧٩٤ | ١٥١١٨٥٨ | ٥٧٥٥٠٤٣ | ٢,٥١ |
| | | | | | |

**سەرچاوە:** حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق، ٢٠١٧، دەستەی ئامار لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٧. وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی و پیشەسازی، بەشی یاسایی، داتای بڵاونەکراوە.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو زانیارییە ئامارییانەدا کە لە خشتەی (٣)دا نیشان دراون، تێیدا ئاماژە بە ژمارەی هاوسەرگیرییەکان لە ماوەی توێژینەوەکەدا (٢٠٠٥-٢٠١٧) کراوە، لە خشتەکەدا ڕوونە کە ژمارەی هاوسەرگیرییەکان لە هەرێمدا لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٢ زیادبوونی هەبووە و ژمارەی ئەو هاوسەرگیریانەی کە گەیشتوونەتە

(٥٠,٠٤١) لە ساڵی ٢٠١٢، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ باشبوونی ئاستی ژیانی تاکەکان لە هەرێمدا، بە تایبەت دوای ڕێکخستنی پلەبەندی مووچە بۆ فەرمانبەرانی حکومەت و زیادکردنی داهاتەکانیان، جگە لە دابینکردن و پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری بۆ ئەوانەی ژیانی خێزانی پێکدەهێنن.بەڵام لە ساڵانی دواتردا (٢٠١٣-٢٠١٦) ژمارەی هاوسەرگیری لە شارەکانی هەرێم بەگشتی کەمیکردووە، ژمارەی هاوسەرگیری لە ساڵی ٢٠١٦دا گەیشتە (٣١١٨٣) هاوسەرگیری، بە دڵنیاییەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی دۆخی ئابووری و دارایی و ناسەقامگیری دۆخی ئەمنی و سیاسی عێراق و هەرێم، هەروەها کۆچکردنی گەنجێکی زۆر و خێزانەکان بۆ دەرەوەی وڵات، جگە لە شەهیدبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی هێزی پێشمەرگە و سەرقاڵبوونیان بە ئەرک و کارە سەربازییەکانەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٧دا ژمارەی هاوسەرگیری زیادیکردووە بۆ (٣٧٥٠٧) حاڵەتی هاوسەرگیری، ئەمەش لە ئەنجامی سەقامگیری ڕەوشی ئاسایش و دۆخی سیاسی.

خشتەی (٣) ژمارەی گرێبەستی هاوسەرگیری لە ناوەندی شارەکانی هەرێم لە ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧)

| **ساڵەکان** | **هەولێر** | **سلێمانی** | **دهۆك** | **کۆی** |
|---|---|---|---|---|
| **٢٠٠٥** | ٩٠٢٩ | ١٢٤٥٤ | ٧٣٤٧ | ٢٨٨٣٠ |
| **٢٠٠٦** | ٩٨٦٣ | ١٣٣٧٤ | ٧٨٧٧ | ٣١١١٤ |
| **٢٠٠٧** | ٨٩٩٥ | ١٣٧٧٤ | ٩٩٨٣ | ٣٢٧٥٢ |
| **٢٠٠٨** | ٨٦٧٣ | ١٢٦٨٨ | ٨٧٩٠ | ٣٠١٥١ |
| **٢٠٠٩** | ١٣٦٠٥ | ١٤١٠٤ | ٨٢٠٢ | ٣٥٩١١ |
| **٢٠١٠** | ١٥٠٢٢ | ١٢٧٥٩ | ٨٨٤١ | ٣٦٦٢٢ |
| **٢٠١١** | ١٨٥٦٥ | ١٤٦٤٢ | ١١٤٤٦ | ٤٤٦٥٣ |
| **٢٠١٢** | ٢٠٢٧٥ | ١٥٩١٧ | ١٣٨٤٩ | ٥٠٠٤١ |
| **٢٠١٣** | ١٨٣٤٥ | ١٤٩١١ | ١٣٣٧٠ | ٤٦٦٣٥ |
| **٢٠١٤** | ١٧٠٤٤ | ١٣٨٢١ | ١٠٩٩٣ | ٤١٨٥٨ |
| **٢٠١٥** | ١٦١٨٣ | ١٣١٧٢ | ١٠٢٤٧ | ٣٩٦٠٢ |
| **٢٠١٦** | ١٥٩٤٠ | ٥٨٩٧ | ٩٣٤٦ | ٣١١٨٣ |
| **٢٠١٧** | ١٤٦٢٨ | ١٢٩٨٨ | ٩٨٩١ | ٣٧٥٠٧ |

**سەرچاوە:** حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٨، وەزارەتی داد، سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە - هەولێر، دادگای باری کەسیی، تۆماری ئاماری تایبەت بە باری کەسیی، داتای بڵاونەکراوە.

سەبارەت بە حاڵەتەکانی جیابوونەوە، لە خشتەی (٤)دا ڕوونکراوەتەوە کە زیادبوون و کەمبوونەوە لە حاڵەتەکانی تەڵاق لە هەرێمدا هەیە، بەڵام بە گشتی ئاماژە بەوە دەکرێت کە حاڵەتەکانی جیابوونەوە لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٥ - ٢٠١٥)دا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەرزترین ڕێژەی تەڵاق لە ساڵی (٢٠١٥) تۆمار کراوە و گەیشتووتە (٨١٠٥) حاڵەتی تەڵاق، ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ خراپی دۆخی سیاسی و دارایی هەرێم بێت، بەتایبەتی دوای کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران و سەپاندنی سیستەمی پاشەکەوتی ناچاری بەسەر فەرمانبەرانی حکومەت، هەروەها کۆچی زۆرێک لە گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات و بێتواناییان لە بەرگەگرتنی دۆخەکە و،

خراپی بارودۆخی دارایی و ئەمنی لەو ماوەیەدا. بەڵام لە دوو ساڵی کۆتایی توێژینەوەکەدا (٢٠١٦-٢٠١٧) حاڵەتەکانی جیابوونەوە دەستی بە کەمبوونەوە کردووە و گەیشتووەتە (٥٨١٤ و ٥٧٢٩) حاڵەتی جیابوونەوە.

خشتەی (٤) ژمارەی گرێبەستی جیابوونەوە لە ناوەندی شارەکانی هەرێم لە ماوەی (٢٠٠٥ - ٢٠١٧)

| ساڵەکان | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | کۆی |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٥ | ٨١٢ | ٨٦١ | ١٩٨ | ١٨٧١ |
| ٢٠٠٦ | ١١٤١ | ١٠٠٠ | ٢٨٣ | ٢٤٢٤ |
| ٢٠٠٧ | ١٣٨٥ | ١٣١٩ | ٣٤٣ | ٣٠٤٧ |
| ٢٠٠٨ | ١١٢٨ | ١٥٦٠ | ٤٠٤ | ٣٠٩٢ |
| ٢٠٠٩ | ١٧٠٢ | ١٨٠٢ | ١٤٧ | ٣٦٥١ |
| ٢٠١٠ | ١٩١٨ | ٢٤٣٠ | ٦٥٩ | ٥٠٠٧ |
| ٢٠١١ | ١٩١٠ | ٤٢٩٥ | ٧١٢ | ٦٩١٧ |
| ٢٠١٢ | ٢٨١٠ | ٢٦٤٢ | ٩١٤ | ٦٣٦٦ |
| ٢٠١٣ | ٢٧٦٠ | ٣٦٨٢ | ١٠٠٢ | ٧٤٤٤ |
| ٢٠١٤ | ٢٤٢٤ | ٤٠١٢ | ١١٠٣ | ٧٥٣٩ |
| ٢٠١٥ | ٣٠٢٤ | ٣٨٥٥ | ١٢٢٦ | ٨١٠٥ |
| ٢٠١٦ | ٢٦٦٥ | ١٨٨٨ | ١٢٦١ | ٥٨١٤ |
| ٢٠١٧ | ٢٩٨٥ | ١٣٦٠ | ١٣٨٤ | ٥٧٢٩ |

**سەرچاوە:** حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٨، وەزارەتی داد، سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە - هەولێر، دادگای باری کەسیی، تۆماری ئاماری تایبەت بە باری کەسیی، داتای بڵاونەکراوە.

خەمڵاندنەکانی ژمارەی خێزانەکان بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧) لە ناوەندی شارەکانی هەرێم، کە لە خشتەی ژمارە (٥)دا نیشان دراوە، بە ڕێژەیەکی نایەکسان زیادی کردووە، بەرزترین ژمارە لە ساڵی (٢٠١٢) تۆمارکراوە، بەجۆرێك کۆی گشتی خێزانەکان لە شارەکانی هەرێم گەیشتووەتە (٣٩٠,٩٣٠) خێزان، واتە بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی (٨,٤٤) زیادی کردووە، ئەمەش لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزانی نوێ، چونکە زۆرترین ژمارەی هاوسەرگیری لەو ساڵەدا تۆمارکراوە، واتە ساڵی ٢٠١٢، کاتێک گەیشتە (٥٠٠٤١) هاوسەرگیری و، هەر خێزانێکیش خواستی بەدەستهێنانی یەکەیەکی نیشتەجێبوونی خۆی هەیە کە بتوانێت تێیدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ بژی و، ئەمەش دەبێتە هۆی فراوانکردنی قەبارەی کێشەکە لە هەرێمدا.

خشتەی ژمارە (٥) خەمڵاندنی ژمارەی خێزانەکان لە ناوەندی شارەکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧)

| ساڵەکان | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | تێکرا | ڕادەی گەشەی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٥ | ١٢٦٨٣٣ | ١٣٤٤١٣ | ٤٣٤٨٥ | ٣٠٤٧٣١ | - |
| ٢٠٠٦ | ١٣٣٥٤٧ | ١٤٠٦٨٨ | ٤٥٨٩٩ | ٣٢٠١٣٤ | ٥,٠٥ |
| ٢٠٠٧ | ١٣٩٨٨٢ | ١٤٣٦٩٣ | ٤٦٠٣٦ | ٣٢٩٦١١ | ٢,٩٦ |
| ٢٠٠٨ | ١٤٣٧٨٥ | ١٥١٢٩٥ | ٤٧٢٤١ | ٣٤٢٢٣١ | ٣,٨٦ |
| ٢٠٠٩ | ١٤٧٣١٧ | ١٥٤٦٥٤ | ٥٠٣٥٣ | ٣٥٢٣٢٤ | ٢,٩٢ |
| ٢٠١٠ | ١٥١٦٢٠ | ١٥٦١٠٤ | ٥٢٧٩٠ | ٣٦٠٥١٤ | ٢,٣٢ |
| ٢٠١١ | | | | | |
| ٢٠١٢ | ١٦٢٠٨٥ | ١٧٢٩٤٥ | ٥٥٩٠٠ | ٣٩٠٠٣٠ | ٨,٤٤ |
| ٢٠١٣ | ١٧٠٠٨٧ | ١٧٦٨٦٨ | ٥٨٢٧٩ | ٤٠٥٢٣٤ | ٣,٦٦ |
| ٢٠١٤ | ١٨٤٢٥٥ | ١٨٣٤٤٠ | ٦٠٤٧٣ | ٤٢٨١٦٨ | ٥,٦٦ |
| ٢٠١٥ | ١٩٠٢٦٠ | ١٩٠٥٨٣ | ٦٢٤٨٦ | ٤٤٣٣٢٩ | ٣,٥٤ |
| ٢٠١٦ | ١٩٤٢١١ | ١٩٥٠٨٩ | ٦٣٦٣٥ | ٤٥٢٩٣٥ | ٢,١٧ |
| ٢٠١٧ | ١٩٧٥٥٥ | ١٩٥٦٣٥ | ٦٤٢٢٧ | ٤٥٧٤١٧ | ٠,٩٩ |

**سەرچاوە:** حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق، ٢٠١٧، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی و پیشەسازی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٧. وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی، بەڕێوەبەرایەتی خۆراکی هەولێر، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٧. دەستەی ئامار لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، داتای بڵاونەکراوە.

سەبارەت بە خەمڵاندنی ژمارەی خێزانەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، لە خشتەی ژمارە (٦)دا ڕوونە کە ژمارەی خێزانەکان بە ڕێژەی جیاواز زیادی کردووە، لە ساڵی ٢٠١٤ بەرزترین ڕێژەی زیادبوونی ژمارەی خێزانەکان لەسەر ئاستی هەرێم تۆمارکراوە، بەو پێیەی ڕێژەی گەشەسەندنی ساڵانە (٥,٣٨) زیادیکردووە، ئەمەش لە ئەنجامی زیادبوونی سروشتی دانیشتوانی هەرێم و، پێکهێنانی خێزانی نوێ، ئەمە وێڕای ئەو خێزانانەی لەپارێزگاکانی دیکەوە بەهۆی ئەو هۆکارانەی پێشتر باسمان کرد ڕوویان لەهەرێم کردووە. بەڵام دابەزینی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ژمارەی خێزانەکان لە دوو ساڵی (٢٠١٦ و ٢٠١٧) لە پارێزگاکانی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزانی نوێ، هەروەها گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان، ئەوەش بە بڕیارێکی حکومەتی عێراق تایبەت بە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ پارێزگاکانی خۆیان، دوای ئەوەی دۆخی ناوچەکانیان سەقامگیری بەخۆوە بینی. ڕێژەی گەشەکردن گەیشتە (١,٧١) و (١,٣٨) لە هەردوو ساڵانی (٢٠١٦ و ٢٠١٧)دا.

خشتەی ژمارە(٦) خەمڵاندنی ژمارەی خێزانەکان بەپێی پارێزگارەکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧)

| ساڵەکان | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | تێکڕا | ڕادەی گەشەی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٥ | ٢٧١٤٧٦ | ٣٢٣١٢٦ | ١٦٣٤٤٧ | ٧٥٨٠٤٩ | - |
| ٢٠٠٦ | ٢٨٥٨٤٦ | ٣٣٨٢١٣ | ١٧٢٥٢٢ | ٧٩٦٥٨١ | ٥,٠٨ |
| ٢٠٠٧ | ٢٩٩٤٠٥ | ٣٤٥٤٣٤ | ١٧٣٠٣٨ | ٨١٧٨٧٧ | ٢,٦٧ |
| ٢٠٠٨ | ٣٠٧٧٦١ | ٣٦٣٧١٠ | ١٧٧٥٦٦ | ٨٤٩٠٣٧ | ٣,٨١ |
| ٢٠٠٩ | ٣١٥٣٢٠ | ٣٧١٧٨٦ | ١٨٩٢٦٢ | ٨٧٦٣٦٨ | ٣,٢٢ |
| ٢٠١٠ | ٣٢٧٤٩٩ | ٣٨٣٩٦٨ | ٢٠٠٥٤٧ | ٩١٢٠١٤ | ٤,٠٧ |
| ٢٠١١ | ٣٤٤٨٣٤ | ٣٩٨٦١٠ | ٢٠٩٦٦٦ | ٩٥٣١١٠ | ٤,٥١ |
| ٢٠١٢ | ١٦٢٠٨٥ | ١٧٢٩٤٥ | ٥٥٩٠٠ | ٣٩٠٠٣٠ | ٨,٤٤ |
| ٢٠١٣ | ١٧٠٠٨٧ | ١٧٦٨٦٨ | ٥٨٢٧٩ | ٤٠٥٢٣٤ | ٣,٦٦ |
| ٢٠١٤ | ١٨٤٢٥٥ | ١٨٣٤٤٠ | ٦٠٤٧٣ | ٤٢٨١٦٨ | ٥,٦٦ |
| ٢٠١٥ | ١٩٠٢٦٠ | ١٩٠٥٨٣ | ٦٢٤٨٦ | ٤٤٣٣٢٩ | ٣,٥٤ |
| ٢٠١٦ | ١٩٤٢١١ | ١٩٥٠٨٩ | ٦٣٦٣٥ | ٤٥٢٩٣٥ | ٢,١٧ |
| ٢٠١٧ | ١٩٧٥٥٥ | ١٩٥٦٣٥ | ٦٤٢٢٧ | ٤٥٧٤١٧ | ٠,٩٩ |

**سەرچاوە:** حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق، ٢٠١٧، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی و پیشەسازی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٧. وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی، بەڕێوەبەرایەتی خۆراکی هەولێر، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٧. دەستەی ئامار لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، داتای بڵاونەکراوە.

کۆچکردن یەکێکە لە گرنگترین هۆکارە دیمۆگرافییەکان کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کێشەی نیشتەجێبوون هەیە و دەتوانرێت بەم شێوەیە دابەش بکرێت (خالد علی، ٢٠١٤: ٢٩).

أ- کۆچی ناوخۆیی: واتە کۆچی تاکەکان یان گروپەکانی دانیشتووان و، گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون و مانەوەیان لە ناوخۆی وڵات یان هەرێم، ئەویش بریتییە لە گواستنەوەی تاکەکان یان گروپەکان بە شێوەیەکی هەمیشەیی یان کاتی لەناو وڵاتێکدا لە کۆمەڵگەیەکی نێوخۆییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی ناوخۆیی تر، کە ئامرازەکانی بژێوی تێدا بەردەستە، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی هەژاری ژینگە نێوخۆییەکەیانەوە بێت بەهۆی چڕی دانیشتوان و لێکەوتەکانیەوە وەك کەمی کرێ و بڵاوبوونەوەی بێکاری.

ب- کۆچی دەرەکی: واتە کۆچی دانیشتوان، تاک یان گروپ و گۆڕانی شوێنی نیشتەجێبوونیان لە دەرەوەی وڵات، ئەمەش دوو جۆرە: لە دەرەوە بۆ ناوەوە، هەروەها لە ناوەوە بۆ دەرەوە، ئەمجۆرەیان کێشەی نیشتەجێبوون کەم دەکاتەوە، بە پێچەوانەی یەکەمەوە، کۆچی دەرەکی پێی دەوترێت ئاوارەبوون ئەگەر لە دەرەوەی وڵات بێت، پێی دەوترێت هاتنەوە کاتێک دێنەوە وڵات، ئەمەش ڕەنگە لەبەر چەند هۆکارێک بێت، لەوانە (دەستخستنی کار، ڕزگاربوون لە چەوساندنەوە، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چانسێکی باشتری ژیان).

**تەوەری دووەم : خستنەڕووی خانووبەرە لە هەرێمی كوردستان**

خستنەڕووی خانووبەرە لەوەی كە هەیە ئێستا و كۆی یەكەكانی نیشتەجێبوون كە لە ماوەی دیاریكراودا بۆ كرێ یان فرۆشتن خراوەنەتە ڕوو، خۆی لەو یەكانەی نیشتەجێبووندا دەبینێتەوە كە لەلایەن كەرتی تایبەت و كەرتی گشتییەوە خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٧) ژمارەی یەكەكانی نیشتەجێبوون لە ناوەندی شارەكانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧)

| ساڵەكان | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | لەسەر ئاستی هەرێم | ڕادەی گەشەی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٥ | ٨٣٣٩٢ | ٥٨١٤٤ | ٣٦١٤٦ | ١٧٧٦٨٢ | - |
| ٢٠٠٦ | ٨٥١٤٤ | ٦٦٤٤٩ | ٣٧٥١٢ | ١٨٩١٠٥ | ٦,٤٣ |
| ٢٠٠٧ | ٨٧٤٨٤ | ٧٠٧٩٧ | ٣٩٥٧٠ | ١٩٧٨٥١ | ٤,٦٢ |
| ٢٠٠٨ | ٩٣٧٢٠ | ٧٨١٩١ | ٤١٣٥٨ | ٢١٣٢٦٩ | ٧,٧٩ |
| ٢٠٠٩ | ١٠٠٧٠٦ | ٨٤٢٢٢ | ٤٣٤٣٥ | ٢٢٨٣٦٣ | ٧,٠٨ |
| ٢٠١٠ | ١٠٨٩٨٠ | ٩٢٥٧٨ | ٥٠٣٨٧ | ٢٥١٩٤٥ | ١٠,٣٣ |
| ٢٠١١ | ١١٦٣١٢ | ٩٩٢٨٣ | ٥٧٠٤٠ | ٢٧٢٦٣٥ | ٨,٢١ |
| ٢٠١٢ | ١٢٣٦٠٦ | ١٠٤٧٧٤ | ٦٠٧٥٤ | ٢٨٩١٣٤ | ٦,٠٥ |
| ٢٠١٣ | ١٣٠٣٦٨ | ١٠٨٥٨٠ | ٦٣٠٤١ | ٣٠١٩٨٩ | ٤,٤٥ |
| ٢٠١٤ | ١٣٤٢٦٢ | ١١١٧٧٧ | ٦٥٠١٨ | ٣١١٠٥٧ | ٣,٠٠ |
| ٢٠١٥ | ١٣٦٦٤٧ | ١١٤٣٩٠ | ٦٦٠٢٥ | ٣١٧٠٦٠ | ١,٩٣ |
| ٢٠١٦ | ١٤٥٦٧٣ | ١١٦٠١٨ | ٦٨٩٠٩ | ٣٣٠٦٠٠ | ٤,٢٧ |
| ٢٠١٧ | ١٤٨٩١٠ | ١١٧٧٢١ | ٧٠٢٥٧ | ٣٣٦٨٨٨ | ١,٩٠ |

**سەرچاوە:** حكومەتی هەرێمی كوردستان، ٢٠١٧، دەستەی ئامار لە پارێزگاكانی هەولێر و سلێمانی، بەشی داتاكان، داتای بڵاونەكراوەوە.

خشتەی (٧) دەریدەخات كە لە ماوەی توێژینەوەكەدا (٢٠٠٥-٢٠١٧) ژمارەی یەكەكانی نیشتەجێبوون لە هەرێمی كوردستان بە ڕێژەی جیاواز زیادی كردووە، ژمارەی یەكەكانی نیشتەجێبوون لە (١٧٧,٦٨٢) یەكەی نیشتەجێبوون لە ساڵی ٢٠٠٥ زیادی كردووە بۆ (٢١٣,٢٦٩) یەكەی نیشتەجێبوون لە ساڵی ٢٠٠٨، واتە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی (٧,٧٩) بووە بە بەراورد بە ساڵی پێشوو، ٢٠٠٧. هۆكاری ئەم زیادبوونە دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی پێدانی ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی. ژمارەی مۆڵەتەكانی بیناسازی لە (٩,٢٢٩) مۆڵەتەوە بۆ (١٠,٨٠٥) مۆڵەت زیادیان كردووە، واتە بە ڕێژەی گەشەكردنی ساڵانەی بەڕادەی (٢٣,١٥) لە ساڵی ٢٠٠٨ بە بەراورد بە ساڵی پێشووی ٢٠٠٧، ئەمە جگە لە ڕۆڵی دەستەی وەبەرهێنان لە زیادكردنی دروستكردنی خانووبەرە و بەشداریكردنی لە دابینكردنی یەكەكانی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی كوردستان، ژمارەی ئەو یەكەكانی نیشتەجێبوونە كە لەلایەن ئەو دەستەی وەبەرهێنانەوە تەواوكراون گەیشتووەتە (١٢,٣٦٦) یەكەی نیشتەجێبوون لە ساڵی ٢٠٠٨، هەروەها بەشداری كەرتی گشتی لە دابینكردنی (٧٤٠) یەكەی نیشتەجێبوون بۆ هەمان ساڵ، جگە لە دامەزراندنی سندوقی نیشتەجێبوون بە بڕیاری ژمارە ٤٥ لە ٢٠٠٨/٨/٢٠ و بانكی خانووبەرە بۆ بەهێزكردنی كەرتی نیشتەجێبوون و قەرزدان بە هاوڵاتیان لەڕێگەی دابینكردنی پارە بۆ بەدەستهێنانی یەكەكانی نیشتەجێبوون.

ژمارەی یەكەكانی نیشتەجێبوون بەردەوام بوو لە زیادبوون، بەو پێیەی ژمارەی یەكەكانی نیشتەجێبوون لە ساڵی ٢٠١٠ گەیشتە (٢٥١,٩٤٥) یەكە نیشتەجێبوون، واتە بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی (١٠,٢٣) زیادی كردووە بە بەراورد بە ساڵی پێشوو، ٢٠٠٩ كە ڕێژەیەكی بەرزترە لە گەشەكردن، هۆكاری ئەم زیادبوونەی یەكەكانی نیشتەجێبوون لەم ساڵەدا دەگەڕێتەوە بۆ بەشداریكردنی دەستەی وەبەرهێنان لە جێبەجێكردنی ژمارەیەك پڕۆژەی نیشتەجێبوون: (١٢,١٠٣) یەكە نیشتەجێبوون تەواو بوون. لە ساڵانی دیكەی توێژینەوەكەدا، ژمارەی یەكەكانی نیشتەجێبوون بەردەوام بوو لە زیادبوون، بەڵام ئەم زیادبوونە بە ڕێژەی كەمتربووە لە زۆربەی ساڵەكانی دیكەی توێژینەوەكەدا، كەمترین ڕێژەی گەشەی ساڵانەی كۆی نیشتەجێبوون لە ماوەی توێژینەوەكەدا لە ساڵی ٢٠١٧دا تۆماركراوە بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی (١,٩٠).

کەمبوونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانە دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لەو ساڵانەدا بەگشتی و ساڵی کۆتیای بەشێوەیەکی تایبەت وایکردووە ژمارەی ئەو مۆڵەتانەی دروستکردن کە دراون بگاتە (٥٨٩٢) مۆڵەت لەساڵی (٢٠١٧)دا، ئەمە لەکاتێکدا کە (٩٠٢٧) مۆڵەت بووە لە ساڵی (٢٠١٦)دا، ئەمە وێڕای دابەزینی ڕۆڵی هەردوو دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە تەواوکردنی هەر پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون و پێنەدانی هیچ مۆڵەتێک بە هیچ پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە لە ساڵی (٢٠١٣ - ٢٠١٧)ەوە، بەهۆی کێشەی دارایی و ئابووری وقەیرانی سیاسی کە هەرێم لەم ماوەیەدا پێیدا تێپەڕیوە، جگە لە دابەزینی نرخی نەوت و سەپاندنی سیستمی پاشەکەوتی ناچاری لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەسەر فەرمانبەرانی کەرتی گشتیدا، هەروەها کەمبوونەوەی ئەو مۆڵەتانەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی شارەکانی هەرێمەوە دراوە ئەوە بە ڕوونی ئەمە نیشان دەدات، ئەمە جگە لەوەی کە بانکی نیشتەجێکردن و بانکی خانووبەرە وازیان لە پێدانی قەرز بۆ خانووی نیشتەجێبوون بۆ هاوولاتیان هێناوە لە ساڵی (٢٠١٣ - ٢٠١٧)ەوە و ئەمەش بەڕوونی لە کەمبوونەوەی ژمارەی ئەو مۆڵەتانەدا دیارە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی شارەکانی هەرێمەوە دراوە، ئەوەش بووەتە هۆی دابەزینی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە شارەکاندا، وەک لە خشتەی ژمارە(٨)دا دەرکەوتووە.

خشتەی ژمارە(٨) ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی لە ناوەندی شارەکان لە هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧)

| ساڵەکان | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | ناوەندی شارەکانی هەرێم | ڕادەی گەشەی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|
| **٢٠٠٥** | ٣٢٧٢ | ٥٨١٤٤ | ٣٦١٤٦ | ١٧٧٦٨٢ | - |
| **٢٠٠٦** | ٥٢٩٧ | ٦٦٤٤٩ | ٣٧٥١٢ | ١٨٩١٠٥ | ٢٧,٥٤ |
| **٢٠٠٧** | ٣٦٢٦ | ٧٠٧٩٧ | ٣٩٥٧٠ | ١٩٧٨٥١ | ٢٥,٤٦- |
| **٢٠٠٨** | ٤٢٧٢ | ٤٤٥٦ | ٢٠٧٧ | ١٠٨٠٥ | ٢٣,١٥ |
| **٢٠٠٩** | ٣٨٦١ | ٤٧٤٦ | ٢٤٠٦ | ١١٠١٣ | ١,٩٣ |
| **٢٠١٠** | ٣٥٨٧ | ٥٤٢٢ | ١٩١٢ | ١٠٩٢١ | ٠,٨٣- |
| **٢٠١١** | ٣٢٩٨ | ٥٥٠٤ | ١٨٧٢ | ١٠٦٧٤ | ٢,٢٦- |
| **٢٠١٢** | ٣٦٣٦ | ٤١١٣ | ٢١٤٠ | ٩٨٨٩ | ٧,٣٥- |
| **٢٠١٣** | ٣٩٢١ | ٣٢٤٢ | ٢٢٨٦ | ٩٤٤٩ | ٤,٤٥- |
| **٢٠١٤** | ١٣٨٣ | ٣١٩٧ | ١٩٧٨ | ٦٥٥٨ | ٣٠,٥٩- |
| **٢٠١٥** | ٢٣٨٥ | ٢٦١٣ | ١٠٠٥ | ٦٠٠٣ | ٨,٤٦- |
| **٢٠١٦** | ٤٥١٣ | ١٦٢٨ | ٢٨٨٦ | ٩٠٢٧ | ٥٠,٣٧- |
| **٢٠١٧** | ٢٨٤١ | ١٧٠٣ | ١٣٤٨ | ٥٨٩٢ | ٣٤,٧٣- |

**سەرچاوە:** حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٧، سەرۆکایەتی شارەوانییەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، بەشی مۆڵەت و بیناسازی، ئەرشیف، داتای بڵاونەکراوەوە، ٢٠١٧. دەستەی ئاماری هەولێر و سلێمانی، بەشی داتا، داتای بڵاونەکراوە.

**تەوەری سێیەم : کێشەی کورتهێنانی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان (خواست و خستنەڕوو)**

کورتهێنانی خانووبەرە بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: "جیاوازی نێوان ژمارەی ئەو خێزانانەی کە پێویستیان بە نیشتەجێبوونە و ئەو خانووە دروستکراوانەی کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەردەستن"، کورتهێنانی خانووبەرەی چەندایەتی بریتییە لە جیاوازی نێوان ژمارەی خێزانەکان و ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون ئەوان لە ماوەی کاتێکی دیاریکراودا بەکاری دەهێنن، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا ئەو خێزانانە خاوەنیانن یان کرێژین تێیدا، یاخود ئەو یەکانەی نیشتەجێبوون کوالێتیان باشە یان نا.

لە خشتەی ژمارە(٩)دا تێبینی ئەوە دەکرێت کە کێشەی کورتهێنانی درێژخایەنی خانووبەرە لە هەرێمدا هەیە، هەروەها ناهاوسەنگی لە بازاڕی خانووبەرەدا هەیە، بەو پێیەی ڕوون دەبێتەوە کە لە هەرێمەکەدا بۆشاییەک لە نێوان هەردوو گۆڕاوەکەدا "ژمارەی خێزان و ژمارە لە یەکەکانی نیشتەجێبوون" هەیە، لە ئەنجامدا کورتهێنانی لە ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوونیدا دروستکرد، ئەگەر سەیری واقیع بکەین لە سێ شاری هەرێمەکەدا، بۆمان دەردەکەوێت کە کورتهێنانێکی گەورە لە کۆی نیشتەجێبوون لە لایەنی چەندایەتییەوە هەیە، بەتایبەتی لە سالانی سەرەتادا، کورتهێنانی خانووبەرە یەکێکە لە ئاڕاستە گرنگەکانی دیاریکردنی قەبارەی قەیرانی نیشتەجێبوون، کە لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی خێزانەکان بوو بە ڕێژەیەکی زیاتر لە زیادبوونی ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون دێتە ئارا.

دەتوانرێت ئەمە لە ڕێگەی داتاکانی خشتەی ژمارە(٥)ەوە ڕوون بکرێتەوە، چونکە لەو داتایانەدا ڕوونە کە ژمارەی خێزانەکان لە شارەکانی هەرێمدا گەیشتووەتە ژمارەیەکی مەزندەکراو بە (٣٢٩,٦١١) خێزان لە ساڵی (٢٠٠٧)دا دوای ئەوەی (٣٠,٤٧٣) خێزان بووە لە(٢٠٠٥)دا. هۆکاری ئەم زیادبوونەش بۆ زۆربوونی خێزانەکان لە ئەنجامی هاوسەرگیری و لەدایکبوونی منداڵ و پێکهێنانی خێزانی نوێ دەگەڕێتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئارەزووی تاکەکان بۆ ئەوەی لە ماڵەباوانیان جیاببنەوە و لە ماڵی سەربەخۆدا بژین، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی ژمارەی خێزانەکان لە هەرێمەدا، لەبەرانبەر ئەم زیادبوونەدا ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ هەمان ماوە کەمێک زیاد بووە، بەجۆرێك ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە (١٧٧،٦٨٢) یەکەی نیشتەجێبوون لە ساڵی (٢٠٠٥)دا بۆ (١٩٧،٨٥١) یەکەیەکی نیشتەجێبوون زیادیکردووە لە ساڵی (٢٠٠٧)دا. بەڵام لە سالانی (٢٠٠٨-٢٠١١)، ئاستی کورتهێنانی نیشتەجێبوون کەمبوونەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە، بەجۆرێك کورتهێنانەکە گەیشتە (١٠٧,٩٥٨) یەکە نیشتەجێبوون لە ساڵی (٢٠١١)دا، کە ئەوەش کەمترین ئاستی کورتهێنانە لە ماوەی توێژینەوەکەدا، هۆکاری ئەم کەمبوونەوەی کورتهێنانەش بریتییە لە کەرتی نیشتەجێبوون لەم ماوەیەدا بۆ زیادبوونی ژمارەی مۆڵەتەکان دەگەڕێتەوە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی شارەکانی هەرێمەوە دراوە، لە ساڵی (٢٠٠٧)دا (٨,٧٧٤) مۆڵەتی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون دراوە، هەروەها زیادبوونی ژمارەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنەرانەوە تەواوکراون، بەشێوەیەك کە (١٠,٩٦٦) یەکەی نیشتەجێبوون لە ساڵی ٢٠١١ تەواو بووە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنیش بە (٧٣) یەکەی نیشتەجێبوون لە ساڵی (٢٠١١) بەشداری کردووە، جگە لە بەشداریی هەردوو بانکی خانووبەرە و بانکی نیشتەجێبوون بە پێدانی قەرز بۆ دابینکردنی پارەی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیان و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی ڕێژەی خانووبەرە. بەڵام بۆ سالانی دیکە (٢٠١٢ - ٢٠١٧) جگە لە ساڵی ٢٠١٦، بڕی کورتهێنانی خانووبەرە گەیشتە (١٣٣,٣٤٣) یەکەی نیشتەجێبوون لە ساڵی ٢٠١٥، ئەوەش بەرزترین ئاستی کورتهێنانە لە ماوەی توێژینەوەکەدا. ئەم زیادبوونە بەرچاوە لە بڕی کورتهێنانی خانووبەرە لە هەرێمدا دەگەڕێتەوە بۆ وەستاندنی تەرخانکردنی پارە بۆ پلانەکانی وەبەرهێنانی پڕۆژەی نیشتەجێبوونی نوێ لە پلانی گەشەپێدانی هەرێمدا، ئەوەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی کورتهێنانی خانووبەرە، ئەمە جگە لە کەمبوونەوەی ژمارەی ئەو مۆڵەتانەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە شارەوانییەکانی شارەکانی هەرێمەوە دەدرا و، هیچ مۆڵەتێکی بیناسازی بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون نەدرا، هیچ مۆڵەتێک بۆ هیچ پڕۆژەیەکی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون نەدرا، ئەمەش وایکرد بۆ بەدەستهێنانی یەکەکانی نیشتەجێبوون بەتایبەتی دوای ئەو دۆخە خراپەی کە هاتە ئارا خەڵك تەنها پشت بە خۆیان ببەستن و، ئاستی ژیانی خێزانەکان لە هەرێم بەهۆی سەپاندنی سیاسەتی پاشەکەوتی ناچاری و دابەزینی ڕۆڵی حکومەتی هەرێم لە چالاککردنی کەرتی بیناسازی و بەشداریکردنی لە کەمکردنەوەی قەبارەی قەیرانی نیشتەجێبوون. هەروەها فاکتەرێکی دیکەش کە بەشدار بووە لە زۆربوونی کورتهێنانی خانووبەرە، ئەویش ئاوارەبوونی خەڵکی شارەکانی دیکەی عێراقە بۆ شارەکانی هەرێم بەهۆی خراپی دۆخی ئەمنی و سیاسییەوە، بەجۆرێك گوشاری خستۆتە سەر کۆی خانوبەرە لەبەردەستەکان لە هەرێمەکەدا.

خشتەی ژمارە (٩) کورتهێنانی خانووبەرە لە ناوەندی شارەکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧)

| ساڵەکان | کورتهێنانی خانووبەرە لە هەولێر | کورتهێنانی خانووبەرە لە سلێمانی | کورتهێنانی خانووبەرە لە دهۆك | کۆی کورتهێنان لە هەرێم | ڕادەی گەشەی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٥ | ٤٣٤٤١ | ٧٦٢٦٩ | ٧٣٣٩ | ١٢٧٠٤٩ | - |
| ٢٠٠٦ | ٤٨٤٠٣ | ٧٤٢٣٩ | ٨٣٨٧ | ١٣١٠٢٩ | ٣,١٣ |
| ٢٠٠٧ | ٥٢٣٩٨ | ٧٢٨٩٦ | ٦٤٦٦ | ١٣١٧٦٠ | ٠,٥٦ |
| ٢٠٠٨ | ٥٠٠٦٥ | ٧٣١٠٤ | ٥٨٨٣ | ١٢٩٠٥٢ | -٢,٠٥ |
| ٢٠٠٩ | ٤٦٦١١ | ٧٠٤٣٢ | ٦٩١٨ | ١٢٣٩٦١ | -٣,٩٤ |
| ٢٠١٠ | ٤٢٦٤٠ | ٦٣٥٢٦ | ٢٤٠٣ | ١٠٨٥٦٩ | -١٢,٤٢ |
| ٢٠١١ | ٤٣٣٣٤ | ٦٢٧٧٤ | ١٨٥٠ | ١٠٧٩٥٨ | -٠,٥٦ |
| ٢٠١٢ | ٣٤٨٧٩ | ٦٨١٧١ | ٤٨٥٤ | ١١١٥٠٤ | ٣,٢٨ |
| ٢٠١٣ | ٣٩٧١٩ | ٦٨٢٨٨ | ٤٧٦٢ | ١١٢٧٦٩ | ١,١٣ |
| ٢٠١٤ | ٤٩٩٩٣ | ٧١٦٦٣ | ٤٥٤٥ | ١٢٦٢٠١ | ١١,٩١ |
| ٢٠١٥ | ٥٣٦١٣ | ٧٦١٩٣ | ٣٥٣٧ | ١٣٣٣٤٣ | ٥,٦٦ |
| ٢٠١٦ | ٤٨٥٣٨ | ٧٧٠٧١ | ٥٢٧٤ | ١٣٠٩٩٠ | -١,٧٦ |
| ٢٠١٧ | ٤٨٦٤٥ | ٧٧٩١٤ | ٦٠٣٠ | ١٣٢٥٨٩ | ١,٢٢ |

**سەرچاوە:** لەئامادەکردنی توێژەرانە، لەئەنجامی نەخشەکانی ژمارە (٥)و (٧).

بەشێوەیەکی گشتی لە خشتەی ژمارە(٩)دا دەبینرێت بەرزبوون و نزمبوون لە ڕادەی کورتهێنانی ساڵانەدا هەیە، ئەمەش لەماوەی نێوان (٢٠٠٥-٢٠١٧)دا هەڵاوسان بووە، ئەم زیادبوون و کەمبوونەوەیە بەگشتی بۆ هۆکاری جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە، کە هەریەکەیان کاریگەرییان لەسەر ئاراستەی جوڵەی زیادبوونی دانیشتووان و هۆکارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دیکە هەبووە، بەهەمان شێوە هۆکاری دیمۆگرافی، بەجۆرێك کە کاریگەرییەکانی هەموو ئەم هۆکارانە بە هەمان ئاراستە یان بە هەمان هێز نەبوون بەدرێژایی ئەو ماوەیە، بەگشتی کۆمەڵێک هۆکار هەن کە بەشداربوون لە زیادبوونی کورتهێنانی خانووبەرە، لەوانە:

١. نەبوونی سیاسەتێکی ڕوون و بەردەوام و سەقامگیری نیشتەجێبوون کە دەوڵەت پەسەندی بکات، واتە نەبوونی سیاسەتێکی ڕوونی نیشتەجێکردنی ناوخۆیی خاوەن ستراتیژیی جێبەجێکردن.
٢. کەمی تەرخانکردن بۆ کەرتی نیشتەجێبوون لە چوارچێوەی تەرخانکردنی ساڵانەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و کۆی بودجەی گشتی دەوڵەت بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠٢٧)، بەهۆی نەبوونی پشتیوانی حکومەت لە بواری دابینکردندا یەکەکانی نیشتەجێبوون، جا لە ڕێگەی تەرخانکردنی داراییەوە بێت کە بە کەرتی نیشتەجێبوون بدرێت یان لە ڕێگەی بەرنامەکانەوە پارەدارکردنی خانووبەرە بانکی خانووبەرە و سندوقی خانووبەرە هیچ دەستکەوتێکی گەورەیان لە پێدانی پێشینەی خانووبەرە بەدەست نەهێناوە، بەجۆرێك کە ئاستی پێویستی زیاتر بوو لەوەی هەردوو لایەن دەتوانن دابینی بکەن. ئەو قەرزانەش بەس نین بۆ پێویستییەکانی نیشتەجێبوون.
٣. نەبوونی یان ناتەواوی ئاسانکاری و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، چونکە نەبوونی زەوی ئامادەکراو و گونجاو بۆ دروستکردنی پرۆژەی نیشتەجێبوونی نوێ دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی.
٤. دابەزینی ئاستی داهاتی تاکەکان بە بەراورد بە تێچووی خانووبەرە، بەو واتایە کە خێزانەکان توانایان نییە یەکەی نیشتەجێبوون لەسەر ئەو زەویانەی بەسەریاندا دابەشکراون دروست بکەن.
٥. نەبوونی ڕۆڵی وەبەرهێنان لە کەرتی نیشتەجێبوون، ئەمەش لە ئەنجامی نەبوونی ئامرازەکانی هاندان و ئابووری و یاسایی گونجاو بۆ پاڵنانی وەبەرهێنەران بۆ وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی نیشتەجێبووندا، ئەمە جگە لە نەبوونی میکانیزمی ڕوون بۆ جێبەجێکردنی یاسای وەبەرهێنان.
٦. بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخی زەوی.

**هۆكارە تایبەتەكانی بەرپرس لە كورتهێنانی خانووبەرە لە هەرێمدا**

ناكارامەیی لە دابەشكردنی زەوی نیشتەجێبووندا، بەشێوەیەك حكومەتی هەرێم لەرێگەی شارەوانییەكانییەوە زەوی وەك قەرەبووكردنەوەی ئەو هەولانەی لەكەرتی گشتی یان بۆ مەبەستی سیاسی یان بۆ كەمكردنەوەی قەیرانی نیشتەجێبوون بەسەر تاكەكانیدا دابەشكرد. زۆربەی ئەم پارچە زەویانە لە بواری نیشتەجێبووندا بەكارنەهێنران، بەڵكو لە چوارچێوەی بازرگانیكردن لە نووسینگەكانی خانووبەرەدا بەكارهێنران، ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی یەكەكانی نیشتەجێبوون و نەگونجانیان لەگەڵ توانای كرینی رێژەیەكی زۆر لە دانیشتوانی هەرێم، بەتایبەتی دوای دابەزینی ئاستی داهات و بەرزبوونەوەی تێچووی خانووبەرە.

لە ساڵی (٢٠١٣)ەوە هەردوو بانكی نیشتەجێبوون و بانكی خانووبەرە وازیان لە پێدانی قەرزی خانووبەرە هێناوە، بۆیە هەموو خەرجییەكانی نیشتەجێبوون لە ئەستۆی وەبەرهێنەر و دواجاریش لەسەرشانی كریار بووە، ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی یەكەكانی نیشتەجێبوون و بێبەشبوونی هاولاتیانی كەمداهات لە بەدەستهێنانی یەكەكانی نیشتەجێبوونەوە دەناڵێنن پێكدەهێنن، هەمان دۆخ بەسەر پێشینەی خانووبەرەشدا دەگونجێت، دوای وەستاندنی، ژمارەی مامەڵەی مۆڵەتی بیناسازی یەكەكانی نیشتەجێبوون و رادەی بیناسازی كەمیكردووە، ئەمە ئاماژەیەكی روونە بۆ بوونی پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوان پشتیوانی حكومەت (پێشینەكانی خانووبەرە) و كێشەی نیشتەجێبووندا هەیە، پەیوەندییەكی پێچەوانە، بەو پێیەی تا پشتیوانی حكومەت زیاتر بێت، قەبارەی كێشەی نیشتەجێبوون بچوكتر دەبێت و بە پێچەوانەشەوە، وەك لە خشتەی خوارەوەدا دیارە.

خشتەی ژمارە (١٠) ژمارەی ئەو پارچە زەویانەی كە لەلایەن شارەوانییەوە دابەشكراون بەسەر چین و توێژە جیاوازەكانی كۆمەڵگا بۆ ماوەی (٢٠٠٦-٢٠١٤)

| ساڵەكان | ژمارەی پارچە زەوی | رێژەی گۆرانی ساڵانە |
|---|---|---|
| ٢٠٠٦ | ٢٨٦٨ | -٨٠.٨١ |
| ٢٠٠٧ | ١٦٧٢ | ٤١.٧٠ |
| ٢٠٠٨ | ١٨٤٢ | ١٠.١٦ |
| ٢٠٠٩ | ٤٢٩٣ | ١٣٣.٦ |
| ٢٠١٠ | ٥٠٦٠ | ١٧.٨٦ |
| ٢٠١١ | ٧٣٧٩ | ٤٥.٨٣ |
| ٢٠١٢ | ٧٣٢ | -٩٠.٠٧ |
| ٢٠١٣ | ٣٧٢ | -٤٩.١٨ |
| ٢٠١٤ | ٢٣٦٤ | ٥٣٥.٤٨ |

**سەرچاوە:** حكومەتی هەرێمی كوردستان، عێراق، ٢٠١٥، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆكایەتی شارەوانی هەولێر، بەشی دابەشكردنی زەوی، پرۆسەی دابەشكردنی زەوی نیشتەجێبوون لە شارەوانی هەولێر - تەملیك لە ساڵی ٢٠٠٥ - ٢٠١٥، داتای بڵاونەكراوەتەوە.

**تەوەری چوارەم : شیکاری بۆ واقیعی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان**

کورتهێنانی خانووبەرە یەکێکە لە ئاڕاستە گرنگەکانی دیاریکردنی ڕادەی قەیرانی نیشتەجێبوون، بەهۆی زیادبوونی ژمارەی خێزانەکان بە ڕێژەیەکی زیاتر لە زیادبوونی ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون، ئەمەش دەکرێت لە ڕێی داتاکانی خشتەی ژمارە (١١)ەوە ڕوون بکرێتەوە. ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بۆ سێ ماوەی جیاواز (٢٠٠٩، ٢٠١٤، ٢٠١٧)، وەک لە خشتەکەدا ڕوونە ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم لە قۆناغی یەکەمی (٢٠٠٩-٢٠١٤) بە ڕێژەیەکی بەرزتر زیادی کردووە بە بەراورد بە قۆناغی دووەمی (٢٠١٤-٢٠١٧)، هۆکارەکەشی بۆ هەمان ئەو هۆکارانەی پێشتر باسمان کرد دەگەڕێتەوە. بەڵام ژمارەی خێزانەکان لە پارێزگارەکانی هەرێمەکە لە ساڵی (٢٠٠٩)دا گەیشتە (٨٧٦،٣٦٨) خێزان.

خشتەی ژمارە (١١) ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵانی (٢٠٠٩، ٢٠١٤، ٢٠١٧)

| ساڵەکان | ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون | ژمارەی خێزانەکان | ژمارەی مۆڵەتەکان | کورتهێنانی نیشتەجێبوون | ڕادەی گەشەی کورتهێنانی نیشتەجێبوون |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٧٩٠٦٨٧ | ٨٧٦٣٦٨ | ٢١١٤٤ | ٨٥٦٨١ | - |
| ٢٠١٤ | ٩١٢٧٤٨ | ١٠٧٨٩٣١ | ١٧١٥١ | ١٦٦١٨٣ | ١١,٦٧ |
| ٢٠١٧ | ٩٤٨٤١٨ | ١١٥١٩١٧ | ٦٧٩٨ | ٢٠٣٥٠٠ | ٥,١٩ |

**سەرچاوە:** ئەم خشتەیە بە پشتبەستن بە:
حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠١٧، سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، سلێمانی، و دهۆک، داتای بڵاونەکراوەتەوە.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٧، دەستەی ئامار لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠١٧، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی/بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی و پیشەسازی، داتای بڵاونەکراوە.

هۆکاری ئەم زیادبوونە، بۆ زۆربوونی ژمارەی خێزانەکانە لە ئەنجامی پێکهێنانی خێزانی نوێ دەگەڕێتەوە، ئەم زیادبوونەش هاوتایە لەگەڵ زیادبوونی کەمێک لە ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ هەمان ماوە، بەو پێیەی ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ (٧٩٠،٦٨٧) یەکەی نیشتەجێبوون زیادیکردووە لە ساڵی ٢٠٠٩. ئەم جیاوازییە لە نێوان ژمارەی خێزانەکان و ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون ئاماژەیە بۆ بوونی کورتهێنانی چەندایەتییەکی فراوانی خانووبەرەی، بەو پێیەی بڕی کورتهێنانی نیشتەجێبوون نزیکەی (٨,٥٦٨) یەکەی نیشتەجێبوون بووە. سەرەڕای هەوڵدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون و، چالاککردنی کەرتی بیناسازی و، کەمکردنەوەی قەبارەی کورتهێنانی خانووبەرە، لەڕێگەی ئەو تەرخانکردنانەی کە دراوە بە کەرتی نیشتەجێبوون و، بەرنامەکانی هاریکاری خانووبەرە، کارایی بانکی خانووبەرە و سندوقی نیشتەجێبوون لە پێدانی قەرزی خانووبەرە، کە بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی بۆ (٢١,١٤٤) مۆڵەت لە ساڵی ٢٠٠٩، بەڵام ئاستی پێویستبوون بەرزتر لەتوانای هەردوولا ماوەیەوە و، ئەو قەرزەی کە دراوە لەگەڵ تێچووی بیناسازیدا ناگونجێت، ئەویش لەگەڵ داهاتی تاکەکەدا ناگونجێت، ئەمەش بەهۆی ئاستی نزمیی داهاتی تاکەکەس بە بەراورد بە تێچووی خاونووکردن، بەم شێوەیە کورتهێنانی نیشتەجێبوون بەردەوام بوو تا گەیشتشە نزیکەی (١٦٦،١٨٣) یەکەی نیشتەجێبوون.

خشتەی ژمارە (١٢) یەکەکانی نیشتەجێبوون کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە تەواوکراون لە ناوەندی شارەکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧)

| **ساڵەکان** | **دەستەی ئامار** | | | | **وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە** | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | کۆ | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | کۆ |
| **٢٠٠٥** | - | - | - | | - | - | - | |
| **٢٠٠٦** | - | ٣٣٩٣ | - | ٣٣٩٣ | - | ٥٠٤ | - | ٥٠٤ |
| **٢٠٠٧** | ٦٣٤٨ | ٩٨٠ | - | ٧٣٢٨ | ١٠٠٨ | - | - | ١٠٠٨ |
| **٢٠٠٨** | ٨٥٦٥ | ٢٧٠٢ | ١٠٩٩ | ١٢٣٦٦ | ٤٤٤ | ٢٣٦ | ٦٠ | ٧٤٠ |
| **٢٠٠٩** | ٢٠٤٧٣ | ١٢٨٥ | ٣٤٩٩ | ٢٥٢٥٧ | - | - | - | - |
| **٢٠١٠** | ٤١٢٩ | ٢٩٣٤ | ٥٠٤٠ | ١٢١٠٣ | - | - | - | - |
| **٢٠١١** | ٥٠٥٧ | ١١٢٨ | ٤٧٨١ | ١٠٩٦٦ | - | ٧٣ | - | ٧٣ |
| **٢٠١٢** | ٧١٥٦ | ١٣٧٨ | ١٥٧٤ | ١٠١٠٨ | ١٩ | - | - | ١٩ |
| **٢٠١٣** | - | - | - | - | - | ٥٦٤ | - | ٥٦٤ |
| **٢٠١٤** | - | - | - | - | - | ١٤٤ | - | ١٤٤ |
| **٢٠١٥** | - | - | - | - | - | - | - | - |
| **٢٠١٦** | - | - | - | - | - | - | - | - |
| **٢٠١٧** | - | - | - | - | ٣٩٦ | - | - | ٣٩٦ |

سەرچاوە: ئەم خشتەیە ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە:

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠١٧، دیوانی دەستەی وەبەرهێنان لە پارێزگای هەولێر، بەشی توێژینەوەو زانیاری، داتای بڵاونەکراوە.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠١٧، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەشی بەڵێندەرایەتی پرۆژە ئەندازیارییەکان، داتای بڵاونەکراوە.

سەبارەت بە ژمارەی خێزانەکان، لە ساڵی ٢٠١٤دا زیادی کردووە و گەیشتووەتە (١،٠٧٨،٩٣١) خێزان، ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون بە ڕێژەیەکی کەمتر لە ژمارەی خێزانەکان زیادی کردووە، ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە ساڵی ٢٠١٤ گەیشتووەتە (٩١٢٧٤٨) یەکەی نیشتەجێبوون، یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی زیادبوونی بڕی کورتهێنانی خانووبەرە لەم ماوەیەدا لە هەموو پارێزگاکانی هەرێم بۆ بەرزی ڕێژەی کۆچی دانیشتوان دەگەڕێتەوە، بەو پێیەی ژمارەی کۆچبەران و ئاوارەکانی ناوچەکانی دیکەی ناوەوە و دەرەوەی عێراق بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی ئەو ناوچانە زیادی کردووە، هەروەها لاوازی پشتیوانی حکومەت لە دابینکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون، جا لەڕێگەی تەرخانکردنی پارەوە بێت یان دروستکردنی یەکە و بەرنامەکانی نیشتەجێبوون، تەرخانکردنی پارە لە پلانی وەبەرهێنان بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی نوێ ڕاوەستا، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوە و دابەزینی ڕۆڵی کەرتی گشتی و بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری نەرێنی لەسەر جوڵەی شار ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون لە هەرێمدا هەبووە.

بەتایبەت دوای وەستانی هەردوو بانکی خانووبەرە و بانکی نیشتەجێبوون کە لە ئەنجامدا هاوڵاتیان تەنها پشتیان بەخۆیان دەبەست بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون، ئەمەش لە ژمارەی مۆڵەتی بیناسازیدا بەڕوونی دیارە، لە ساڵی ٢٠١٤ ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی لە (١٧١٥١) مۆڵەت کەمبووەتەوە بۆ (٦،٧٩٨) مۆڵەت لە ساڵی ٢٠١٧، لە ئەنجامدا کورتهێنانی نیشتەجێبوون بەڕێژەی (٢٠٣،٣٨٧) یەکە نیشتەجێبوون لە ساڵی  دروست بووە٢٠١٧، وەک لە خشتەی (١٢)دا دیارە

خشتەی ژمارە (١٣) ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون کە لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن دروستکراون و ئەو خەرجییانەی بۆیان تەرخانکراوە.

| **ساڵەکان** | **ژمارەی یەکەکان** | **ئەو پارەیەی بۆی تەرخانکراوە بە (١٠٠٠) دیناری عێراقی** |
|---|---|---|
| **٢٠٠٥** | ٣٨٠ | ٣٩١٧٣١٢ |
| **٢٠٠٦** | ٧٠٥ | ٢٢٣٦٠٩٦٦ |
| **٢٠٠٧** | ١٣٦٦ | ٧٠٢٧٣٨٠٨ |
| **٢٠٠٨** | ١٦٧١ | ٥٤١٩٥٣٦٦ |
| **٢٠٠٩** | ٢٨٩ | ١٦٢١٧٦٦٧ |
| **٢٠١٠** | ٦٧٢ | ١٨٣٨٢١٥٨ |
| **٢٠١١** | ٢٢٧ | ٩٩٩١٦٧٦ |
| **٢٠١٢** | ٦١٩ | ١٤٣٩٧٣٩٣ |
| **٢٠١٣** | ٦٨٤ | ٢٢٨١٢٦٩٠ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠١٧، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجیکردن، بەشی گرێبەستی پرۆژە ئەندازەییەکان، داتای بڵاونەکراوە.

داتاکانی خشتەی ژمارە (١٣) ئاماژە بە ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون دەکەن کە لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە پارێزگاکانی هەرێم دروستکراون و ئەو خەرجییانەی بۆیان تەرخانکراوە، سەبارەت بە سیاسەتی وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێبووندا، کەرتی نیشتەجێبوون گەشەی بەرفراوانی لە ساڵی ٢٠١٩دا بەخۆوە بینیووە، بەتایبەتی لە ساڵانی یەکەمی توێژینەوەکەدا (٢٠١٣- ٢٠٠٦)، بەجۆرێك ئەو کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانیانەی بواری نیشتەجێبوون کە لە هەرێمەکەدا کاردەکەن، سوودمەندبوون لەو ئاسانکاریانەی کە لەلایەن حکومەتەوە بۆیان دابینکرابوو (لەرێی دابینکردنی زەوی بۆ کرین و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، هەروەها وەک ئاسانکاری کارگێری، یاسایی و دارایی)، بەپێی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٦.

ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (١٤) دەریدەخات کە (١٠٩) مۆڵەت بۆ (١٧٩) پرۆژەی نیشتەجێبوون دراوە، کۆی گشتی یەکەکانی نیشتەجێبوون (لە ٢٠٠٦/١/٨ تا ٢٠١٨/١/٧) (١٥٢,٢٩٣) یەکەیەکی نیشتەجێبوون بووە، (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز بێستون، بەڕێوەبەری ژمێریاری لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر بەرواری ٢٠١٨/٣/٧).

خشتەی ژمارە (١٤) ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە لە (٢٠٠٦/٨/١ تا (٢٠١٨/٧/١) لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمەوە مۆڵەتیان پیدراوە

| **پارێزگا** | **ژمارەی پرۆژە** | | **جۆری یەکە** | **کۆی یەکەکان** |
|---|---|---|---|---|
| | | سندوق | بەبێ سندوق | |
| **هەولێر** | ٨٢ | ٨٧٦٧ | ٧٦٠٨٧ | ٨٤٨٥٤ |
| **سلێمانی** | ٥٩ | ٩٩١٠ | ٣٠٩٧٣ | ٤٠٨٨٣ |
| **دهۆك** | ٣٨ | ٣٠١٠ | ٢٣٥٥٦ | ٢٦٥٥٦ |
| **کۆ** | ١٧٩ | ٢١٦٨٧ | ١٣٠٦١٦ | ١٥٢٢٩٣ |

**سەرچاوە:** حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠١٧، دیوانی دەستەی وەبەرهێنان لە پارێزگای هەولێر، بەشی ژمێریاری، داتای بڵاونەکراوە.

بەهۆی پابەندنەبوونی ژمارەیەک لەو پرۆژانە بە یاسا و ڕێنماییەکانی وەبەرهێنان، مۆڵەتی وەبەرهێنان لە (٩٧) پرۆژەی نیشتەجێبوون وەرگیرایەوە (٥١ پرۆژەی نیشتەجێبوون لە پارێزگای هەولێر، ٢٢ پرۆژەی نیشتەجێبوون لە پارێزگای سلێمانی، و (٢٤) پرۆژەی نیشتەجێبوون لەپاریزگای دهۆك). هەردوو خشتەکانی (١٥) و (١٦) ژمارەی پرۆژە تەواوبووەکانی نیشتەجێبوونە کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە بەسەر تاکەکاندا دابەشکراون و ژمارەی ئەو پرۆژە نیشتەجێبوونەشی تەواو نەبوون و دابەشنەکراون بۆ ماوەی (٢٠٠٦-٢٠١٤). هەروەها لە دوو خشتەکەدا ئەو پرۆژانەی نیشتەجێبوون نیشان دراون کە پشت بە سندوقی نیشتەجێبوون دەبەستن.

خشتەی مارەی (١٥) ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە تەواوکراون لە پارێزگاکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٦ - ٢٠١٢)

| سالەکان | ژمارەی پرۆژەکان | ژمارەی یەکەکان | | یەکەکان |
|---|---|---|---|---|
| | | | سندوق | بەبێ سندوق |
| ٢٠٠٦ | ٨ | ٦٦٩٢ | ٣٢٢٧ | ٣٤٦٥ |
| ٢٠٠٧ | ١٠ | ٨٥٣٠ | ١٤٩٧ | ٧٠٣٣ |
| ٢٠٠٨ | ١١ | ١٢٥١١ | ٢٠٢٨ | ١٠٤٨٣ |
| ٢٠٠٩ | ٢٥ | ٢٦٦٩٨ | ٨٣٦٧ | ١٨٣٣١ |
| ٢٠١٠ | ٢٢ | ٢٠٨٥٠٧ | ٨٢٩ | ٢٠٧٦٧٨ |
| ٢٠١١ | ١٨ | ١١٤٦٦ | ٤٨٩ | ١٠٩٧٧ |
| ٢٠١٢ | ١١ | ١٢٥٢٧ | ١٦١ | ١٢٣٦٦ |

**سەرچاوە:** حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠١٧، دیوانی دەستەی وەبەرهێنان لە پارێزگای هەولێر، بەشی ژمێریاری، داتای بڵاونەکراوە.

بەهەرحاڵ سەرەڕای ڕۆڵی دەستەی وەبەرهێنان لە دروستکردن یان زیادکردنی ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون، بەڵام ئەم یەکانە لەسەر بنەمای قازانجی وەبەرهێنەر دروستکراون بەبێ ئەوەی نرخەکەی لەلایەن حکومەتەوە دیارییکرێت، هەر بۆیەش ئەو ئامانجەی لە دروستکردنیان بۆ کەسانی کەم دەرامەت هەبووە بەدینەهاتووە، بەڵکو ئەوانەی داهاتیان بەرز بووە سوودمەند بوون لێیان، لە ئەنجامدا کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر نەکراوە و کورتهێنانی خانووبەرەیەکی ڕوون لە هەرێمدا هەیە کە زۆر گەورەیە و ناتوانرێت تێپەڕێنرێت.

خشتەی ژمارە (١٦) ژمارەی پرۆژە تەواونەکراوەکان و دابەشنەکراون بەسەر تاکەکاندا لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە لە پارێزگارەکانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٦ - ٢٠١٤)

| سالەکان | ژمارەی پرۆژەکان | ژمارەی یەکەکان | | یەکەکان |
|---|---|---|---|---|
| | | | سندوق | بەبێ سندوق |
| ٢٠٠٦ | ٢ | ٩٠٩ | ٨٩ | ٨٢٠ |
| ٢٠٠٧ | ٣ | ٣٥ | - | ٦٣٥ |
| ٢٠٠٨ | ٢ | ١٦٨٦ | ١٥٦٩ | ١١٧ |
| ٢٠٠٩ | ٢ | ٢٧١٥ | ١٥٧٤ | ١١٤١ |
| ٢٠١٠ | ١٢ | ٨٨٩٢ | ٧٩ | ٨٨١٣ |
| ٢٠١١ | ١٥ | ١٤٣٤٦ | - | ١٤٣٤٦ |
| ٢٠١٢ | ٢٢ | ١٩٦٠٧ | ١٦١ | ١٩٤٤٦ |
| ٢٠١٣ | - | - | - | - |
| ٢٠١٤ | ٢ | ٣١٣٦ | - | ٣١٣٦ |

**سەرچاوە:** حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠١٧، دیوانی دەستەی وەبەرهێنان لە پارێزگای هەولێر، بەشی ژمێریاری، داتای بڵاونەکراوە.

**دەرەنجام و پێشنیارەکان**

لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە توێژینەوەکە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- بەرزونزمی ڕوون لە بڕی کورتهێنانی ساڵانەدا هەیە، کە لەماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٧)دا زیادبوون و کەمبوونەوە هەبووە، ئەم زیادبوون و کەمبوونەوەیەش بەگشتی ڕەنگە بگەڕێندرێتەوە بۆ هۆکاری جۆراوجۆر، کە هەریەکەیان کاریگەرییان لەسەر ئاراستەی جوڵەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و، هۆکارە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، هەروەها هۆکارە دیمۆگرافییەکان هەبێت، بەجۆرێك کاریگەرییەکانی هەموو ئەم هۆکارانە بە درێژایی ئەو ماوەیەی پێشتر باسمان کرد بە هەمان ئاراستە نەبوون یان بە هەمان هێز نەبوون.

٢- لە ئەنجامی خاوبوونەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی خانووبەرە بەشێوەیەکی کەڵەکەبوو، کە هاوتای زیادبوونی ژمارەی خێزانەکان نەبووە، ڕێژەیەکی بەرزی کورتهێنانی خانووبەرە لە سێ پارێزگاکەی هەرێمدا هەبووە، گەورەترین بڕی کورتهێنانەکە ساڵی (٢٠١٧) بووە کە بڕەکەی (٢٠٣٥٠٠) یەکەی نیشتەجێبوون بووە.

٣- سیاسەتەکانی وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێبوون و قەرزی خانووبەرە و، سندوقی نیشتەجێبوون بۆ ماوەیەکی دیاریکراو (٦ ساڵ) بوو، حکومەت ئەم سیاسەتەی گرتەبەر، دوای ئەوە پێدانی قەرزی خانووبەرە و پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە ڕاگیرا، ئەو ماوەیەش کورتە بۆ کەمکردنەوە یان چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون.

٤- خێرایی زیادبوونی ژمارەی خێزانەکان لەهەموو شن زیاتر کاریگەری هەبوو لە کورتهێنانی خانووبەرەدا، کە بە ڕێژەی جیاواز زیادی کردووە.

بەرزترین ڕێژەی بەرزبوونەوەی ژمارەی خێزانەکان لەسەر ئاستی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٤ تۆمارکراوە، ڕێژەی گەشەی ساڵانە (٥.٣٨%) زیادیکردووە، ئەمەش لە ئەنجامی زیادبوونی سروشتی دانیشتوانی هەرێم و زیادبوونی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزانی نوێ، جگە لەو خێزانانەی لە پارێزگاکانی دیکەوە ئاوارە بوون بۆ پارێزگاکانی هەرێم، لە کاتێکدا ڕێژەی گەشەسەندنی ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ هەمان ساڵ (٣,٠٠٪).لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی کورتهێنانی ساڵانە، ڕێژەی کورتهێنان بەراورد بە ژمارەی خێزانەکان بۆ نزیکەی (١٥,٤٪) بۆ هەمان ساڵ بەرزبووەتەوە.

٥- لە ماوەی توێژینەوەکەدا جیاوازییەکی گەورە لە بڕ و قەبارەی کورتهێنانی خانووبەرە لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمدا هەیە.

بەرزترین ڕێژەی کورتهێنان لە پارێزگای سلێمانی تۆمارکراوە بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک، ئەمەش بەهۆی جیاوازی لە خێرایی زیادبوونی ژمارەی خێزانەکان بە ڕێژەی زیاتر لە پارێزگای سلێمانی و خاوبوونەوەی ڕێژەیی لە پرۆسەی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون لەم پارێزگایەدا.

**پێشنیارەکان**

دوای تەواوکردنی توێژینەوەکە و پوختکردنەوەی دەرەنجامەکان، ئەم پێشنیارانە بەپێویست دەزانرێت:

١- حکومەت لەسەر بنەمای کەڵەکەبوو (بەردەوام) سیاسەت و شێواز لەبواری نیشتەجێبووندا بگرێتەبەر و بڕە پارەی تایبەت لە بودجەی خۆیدا بۆ کەرتی نیشتەجێبوون لەڕێگەی ستراتیژی درێژخایەنەوە تەرخان بکات.

٢ - پشتگیری حکومەت بۆ هەوڵەکانی کۆمپانیا و کۆمەڵەکان بەرەو دروستکردنی بینای نیشتەجێبوون و کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون بە تایبەتمەندی تایبەت، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی داهاتیان سنووردارە.

٣- بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە تایبەتی ئەوانەی داهاتیان کەم و مامناوەند سودمەند بن، باشترە حکومەت سەرپەرشتی ئەو پرۆژانە بکات کە دەکەونە چوارچێوەی ئەو پرۆژانەی کە قەرز لە سندوقی نیشتەجێبوون وەردەگرن و سنوورێك دابنرێت بۆ ئەو کەسانەی توانایی داراییان بەرزە کە ئەم یەکانە بەدەست بهێنن و بە نرخێکی زۆر بیانفرۆشنەوە.

٤- هاندانی دابەشکردنی وەبەرهێنانی خانووبەرە بەشێوەیەکی هاوسەنگ و گرنگیدان بەو پارێزگایانەی کە ڕێژەیەکی زۆر کورتهێنانی نیشتەجێبوونیان تێدایە، وەک پارێزگاری سلێمانی.

٥- پەیڕەوکردنی سیاسەتی کاریگەرتر بۆ نیشتەجێبوون لەپێناوی خێراکردنی ڕەوتی بیناسازی نیشتەجێبوون و سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی هەندێک وڵاتی پێشکەوتوو کە توانیوویانە بە شێوەیەکی تەواو کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکەن و یارمەتیدانی کەسانی کەمداهات بەمەبەستی بەدەستهێنانی یەکەی نیشتەجێبوونی شیاو بە نرخێکی گونجاو.

**لیستی سەرچاوەکان:**


- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٧، دەستەی ئامار لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٧. وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی و پیشەسازی، بەشی یاسایی، داتای بڵاونەکراوە.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق، ٢٠١٧، دەستەی ئامار لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٧. وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی و پیشەسازی، بەشی یاسایی، داتای بڵاونەکراوە.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٨، وەزارەتی داد، سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە - هەولێر، دادگای باری کەسیی، تۆماری ئاماری تایبەت بە باری کەسیی، داتای بڵاونەکراوە.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٨، وەزارەتی داد، سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە - هەولێر، دادگای باری کەسیی، تۆماری ئاماری تایبەت بە باری کەسیی، داتای بڵاونەکراوە.

-حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق، ٢٠١٧، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی و پیشەسازی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٧. وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی، بەڕێوەبەرایەتی خۆراکی هەولێر، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٧. دەستەی ئامار لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، داتای بڵاونەکراوە.

-حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق، ٢٠١٧، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی و پیشەسازی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٧. وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی، بەڕێوەبەرایەتی خۆراکی هەولێر، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٧. دەستەی ئامار لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، داتای بڵاونەکراوە.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٧، دەستەی ئامار لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، بەشی داتاکان، داتای بڵاونەکراوەوە.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٧، سەرۆکایەتی شارەوانییەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، بەشی مۆڵەت و بیناسازی، ئەرشیف، داتای بڵاونەکراوەوە، ٢٠١٧. دەستەی ئاماری هەولێر و سلێمانی، بەشی داتا، داتای بڵاونەکراوە.

- لەئامادەکردنی توێژەرانە، لەئەنجامی نەخشەکانی ژمارە (٥)و (٧).

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠١٥، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، بەشی دابەشکردنی زەوی، پرۆسەی دابەشکردنی زەوی نیشتەجێبوون لە شارەوانی هەولێر - تەملیک لە ساڵی ٢٠٠٥ - ٢٠١٥، داتای بڵاونەکراوەتەوە.

-حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠١٧، سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، سلێمانی، و دهۆک، داتای بڵاونەکراوەتەوە.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٧، دەستەی ئامار لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە.

-حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠١٧، دیوانی دەستەی وەبەرهێنان لە پارێزگای هەولێر، بەشی توێژینەوەو زانیاری، داتای بڵاونەکراوە.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠١٧، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەشی بەڵێندەرایەتی پرۆژە ئەندازیارییەکان، داتای بڵاونەکراوە.

- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠١٧، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجیکردن، بەشی گرێبەستی پرۆژە ئەندازەییەکان، داتای بڵاونەکراوە.

-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠١٧، دیوانی دەستەی وەبەرهێنان لە پارێزگای هەولێر، بەشی ژمێریاری، داتای بڵاونەکراوە.

-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠١٧، دیوانی دەستەی وەبەرهێنان لە پارێزگای هەولێر، بەشی ژمێریاری، داتای بڵاونەکراوە

- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠١٧، دیوانی دەستەی وەبەرهێنان لە پارێزگای هەولێر، بەشی ژمیریاری، داتای بڵاونەکراوە.